


لەسیاسەتی پێشنیارکراودا بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا

# کوردستان لەنێوان ئۆپشنی کۆنفیدراڵی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدایە

**عێراقی عەرەبی
وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی لە نێوان
شیعەو سوننە ڕێکدەخرێتەوە**



«پێویستە ئەمریکا لەعێراقدا هەڵەی رابردووی سەبارەت بەئاسایش و سەقامگیریی رووکەشیی عێراق دووبارە نەکاتەوە، واشنتۆن سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا کە نوری مالیکی سەر بە گۆڵمەزی گۆڕی بە حەیدەر عەبادی، لەو ماوەیەی عەبادی سەرۆك وەزیرانە توانیویەتی سەرلەنوێ هێزەکانی ئاسایش بونیاد بنێتەوە، بەشی زۆری ئەو خاکانەی گێراوەتەوە کە پێشتر داعش داگیریکردبوون، هەروەها توانیویەتی لەگەڵ هەندێك کێشەی گەورەی سیاسی و گرنگدا مامەڵەبکات و تەنگژەی سیاسیی ترسناك دووربخاتەوە، ئەمانە هەموویان دەستکەوتی گەورەن کە ئیدارەی ئۆباما توانیویەتی ئەو گۆڕانکارییانە لەعێراقدا بێنێتەئاراوە. لەئێستا پرۆسەی سەربازی نزیکی تەواوبوونە، بەڵام نابێت ئەمە بەوجۆرە سەیربکرێت کە لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسە سەربازییەکە بوونی ئەمریکاش لە عێراقدا کۆتایی بێت، خۆ ئەگەر واشنتۆن ئەم هەڵەیە دووبارە بکاتەوە واتە دوای پرۆسەی سەربازییەکە عێراق بەجێبهێڵێت، ئەوا ناتوانێت هیچ کام لەو دەستکەوتانە بپارێزێت کە لەدوای ۲۰۰۳ هەروەها تاساڵی ۲۰۱۱ بەدەستهاتبوون. لەئێستادا ئەم دەوڵەتە لەچاوەڕوانی ئەوەدایە کە جارێکی دیکە لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، بۆیە ئەگەر هەڵەکانی رابردوو دووبارە بکرێنەوە، ئەوا ئەمریکا دەکەوێتەوە بەردەم هەمان ئەو ئۆپشنە خراپەی کە باجێکی گەورە بۆ دووبارە سەقامگیرکردنەوەی عێراق بدات، یان لەوانەیە بەرەو کارەساتێکی ترسناك و گەورەتر هەنگاو بنێین. لەدوای پرۆسە سەربازییەکە عێراق دەبێت جارێکی دیکە بە قۆناخی راگواستندا تێپەڕێتەوە، دیارە لەماوەی(٦- ١٢) مانگی داهاتوو لەوانەیە بتوانرێت خاکی عێراق لەچەکدارانی داعش پاکبکرێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا کۆتایی هاتووە، ئەگەر بە شێوەیەکی راست مامەڵە لەگەڵ کۆتاییهاتنی داعش نەکرێت، ئەوا لەوانەیە زۆر بە سادەیی بارودۆخێك بێتەئاراوە کە تەنگژەو ئاژاوە بەهەموولایەکدا بڵاو ببێتەوە، ئێستا ترس و دڕندەیی داعش بۆتە ئەو خاڵە هاوبەشەی عێراقییەکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە، بۆیە مەترسییەکە لەوەدایە ئەگەر پرۆسەی رێککەوتنێکی نیشتمانی بوونی نەبێت، ئەوا دووبارە شەڕی

## ● کۆتاییهاتنی داعش و قۆناخی ئینتیقالی بۆ رێکخستنی پێوەندیی نێوان کوردستان و عێراق

لە رۆژی ١٦ی شوباتی ٢٠١٦ گروپی کار بۆ دیراسەتی ئایندەی عێراق و ئامادەکردنی سیاسەتێکی پێشنیارکراو بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا دەست بەکاربوو. ئەم گروپە کە لەلایەن (باڵیۆز رایان کرۆکەر و ژەنراڵ مایك باربارۆ و باڵیۆز جیمس جیفری و د.نەسیبە یونس توێژەری باڵا لەسەنتەری رەفیق حەریری) سەرپەرشتی دەکرێت، لەو کاتەوە تائێستا ئەم گروپە بە هاوکاری کۆمەڵێك تایبەتمەندو پسپۆڕ لەسەر رەوشی عێراق خەریکی نووسینەوەی ئەو سیاسەتەن و وەك پێشنیار دەدرێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئایندەی عێراق بکات.

بەپێی ئەو راپۆرتەی کە لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری رابردوو بڵاوکراوەتەوە، سیاسەتی پێشنیارکراو بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایندەی عێراق لەسەر چەند ستوونێکی گرنگ دارێژراوە کە بریتین لە:

١. تەواوبوونی پرۆسەی سەربازی بۆ تێکشکاندنی چەکدارانی داعش، مانای ئەوە نییە کە شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە کۆتایی هاتووە، بۆیە دوای کۆتاییهاتنی داعش دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە هۆکارەکانی فیتنەی شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە ریشەکێش بکرێت.

٢. باشووری کوردستان بەئەمری واقیع دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو ناکرێت میکانیزی رێکخستنی پێوەندی دەوڵەتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، تێکەڵی پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق بکرێت.

٣. دوای تەواوبوونی پرۆسەی سەربازی بۆ تێکشکاندنی داعش، پێویستە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار جارێکی دیکە عێراق بە قۆناخی ئینتیقالیدا تێپەڕێت، لەم قۆناخەدا ئەمریکا بوونی دەبێت و وەك ٢٠١١ عێراق بەجێناهێڵێت، ئەوجا بەئامادەبوونی ئەمریکا، پێوەندی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی بەشە عەرەبییەکەی عێراق وەك دەوڵەتێك رێکدەخرێتەوە.

**ئەم پێکەوەلکانە زۆرەملێییەی کوردستان بەعێراقەوە، بێجگە لە کێشە و ئاڵۆزی بۆ هەردوو لایەنی کورد و عەرەب شتێکی دیکەی لێ شین نەبووە**

ناوخۆ دەست پێدەکاتەوە، ئەوکاتیش ئەو شەڕەی ئێستا هەمووان دژی داعش دەیکەن، دەبێتە شەڕی هەمووان دژی هەمووان.

ئێستا لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا متمانە بوونی نەماوە، بۆیە دوای ئازادکردنی موسڵ دووبارە بونیادنانەوەی ئەو متمانەیە لە نێوانیانیدا دەبێت ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا بێت. لەبەر کۆمەڵێك هۆکارو بۆ دروستکردنەوەی ئەو متمانەیە دەبێت عێراق بە قۆناخی راگواستندا تێپەڕێت، بۆ ئەوەی عەرەبی شیعە و سوننە لە چوارچێوەی فیدراڵیزمێکدا پێکەوە کۆبکرێنەوەو پاشان لەچوارچێوەی کۆنفیدراڵیدا پێوەندی لەگەڵ کوردستان رێکبخرێتەوە، یان کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن.

کورد دەیانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، لەماوەی سەد ساڵی رابردوو بەئاشکرا ئەوەیان راگەیاندووە کە ئەوان نایەوێت بەشێك بن لەگەڵ عەرەبی عێراق، ئەم پێکەوە لکانە زۆرەملێییەی کوردستان بەعێراقەوە، بێجگە لە کێشە و ئاڵۆزی بۆ هەردوو لایەنی کورد و عەرەب شتێکی دیکەی لێ شین نەبووە، بۆیە بۆ کوردو عێراقیش باشترە کە ئەم جیابوونەوەیە بە ئاشتی بەڕێوە بچێت، بەڵام گەرەنتی ئەم جیابوونەوە ئاشتییانەیە پێویستی بەکات و نییەتی خێر هەیەو دیپلۆماتییەتێکی بونیادنەرانەی دەوێت کە لەئێستادا ئەم دیپلۆماتیەتە بوونی نییە. ئەم جیابوونەوە ئاشتییانەیەی نێوان کوردستان و عێراق بۆ ئەمریکا بەرژەوەندییەکی گەورەو گرنگ دەبێت، هەندێك کێشەی کەمیش دەمێنێتەوە، بەوەی چۆن کوردو عەرەب ئەو کێشانە چارەسەر دەکەن؟ دیارە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستی بە هەڵوێستی ئەمریکا هەیە، بەڵام ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا یەکلاکەرەوە دەبێت، ئەگەر وەك ناوبژیوانێکی دادپەروەرو بێلایەن هاوکاری هەردوو لایەن بکات و بیانگەیەنێتە ئاکامێك کە هەردوولا (کورد و عەرەب) قبوڵی بکەن.»



**● بەشێك لە راپۆرتی ئامادەکراو بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا بەناونیشانی (عێراق: سیاسەتی پێشنیارکراو بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا)**

**● ئامادەکردنی پرۆفیسۆر کینس پۆلاك سەرۆکی سەنتەر سابان لەئامۆژگای برۆکینگز**

٤. دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، یان بەشێوازی کۆنفیدراڵی لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراق پێوەندی نێوانیان رێکدەخرێتەوە، یان ئەگەر کورد بڕیاری دا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت، ئەوا دەبێت ئەمریکا هەوڵبدات جیابوونەوەی کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی ئاشتییانە بێت.

٥. دیارە لە قۆناخی ئینتقالی پرۆسەی جیابوونەوەی کوردستان و عێراق، کۆمەڵێك کێشە لەنێوان کوردستان و عێراق بوونیان دەمێنێت، چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش پێویستی بە هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەی ئەمریکا دەبێت، کە پێویستە وەك ناوبژیوانێکی بێلایەن و دادپەروەر لەنێوان هەردوو دەوڵەتی کوردستان و عێراق رۆڵ بگێڕێت و بیانگەیەنێتە چارەسەرێك کە هەردوو دەوڵەتەکە پێی رازی بن.

٦. جیابوونەوەی ئاشتییانەی کوردستان و عێراق خزمەتێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکی گرنگی ئەمریکا دەکات، کە ئەویش دابینکردنی سەقامگیرییە لەعێراق و ناوچەکەدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماوەی ١٠٠ ساڵە کورد بە ئاشکرا ئەوەی سەلماندووە کە نایانەوێت بەشێك بن لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراق، ئەم پێکەوەلکاندنە زۆرەملێیە، بێجگە لە شەڕ و ئاشوب بۆ کوردو عەرەب لەعێراقدا شتێکی دیکەی لێ شین نەبووە، بۆیە ئەگەر بە شێوەی ئاشتییانە لێك جیاببنەوە، ئەوا ئەم جیابوونەوەیە دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەقامگیری.

ئەگەر سەرنج لەو شەش ستوونە بدەین کە ئەم سیاسەتە پێشنیارکراوەی لەسەر دارێژراوە، ئەوا لەگەڵ وردکردنەوەی هەر یەك لەم ستوونانە کۆمەڵێك راستیی دیکە دەردەکەون کە لە راپۆرتەکەدا بە درێژی هەڵوەستەی لەسەر کراوە، بەتایبەتی کە ئەم سیاسەتە پێشنیارکراوە دوورخستنەوەی نوری مالیکی وەك کەسێکی سەربەگۆڵمەز (problematic Nuri al-Maliki) لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بەگەورەترین سەرکەوتنی ئیدارەی ئۆباما لەقەڵەم داوە بۆ مامەڵەکردنی

**واشنتۆن سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا کە نوری مالیکی سەر بە گۆڵمەزی گۆڕی بە حەیدەر عەبادی، لەو ماوەیەی عەبادی سەرۆک وەزیرانە توانیویەتی سەرلەنوێ هێزەکانی ئاسایش بونیاد بنێتەوە**

لەگەڵ شەڕی دژی داعشدا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەولەوییەتی سیاسەتی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایندەی عێراق لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەڵکانی سەر بەگۆڵمەزی وەك نوری مالیکی، یان ئەوانەی وەك نوری مالیکی بیردەکەنەوە و پشت لە پرۆسەی سیاسی دەکەن و سیاسەتی دەوڵەتێکی دیکەی وەك ئێران جێبەجێ دەکەن، نابێت لەپرۆسەی سیاسیی داهاتوودا جێگەیان ببێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە جەختکردنەوەی راپۆرتە پێشنیارکراوەکە لەسەر ئەوەی کە نابێت، پرۆسەی سەربازیی دژی داعش و کۆتایی داعش، وەك کۆتایی شەڕی ناوخۆیی نێوان شیعەو سوننە لە عێراقدا سەیربکرێت، ئەوا ئەم خاڵە ئەگەر وردبکەینەوە، ئەوەمان پێدەڵێت، کێشەو گرفتی سەرەکی لە عێراقدا نەبوونی متمانەو پیادەکردنی هەژموونی سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە بووە بەسەر عەرەبی سوننەداو تیرۆریستانی داعش دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە هەڵەیەن، بۆیە ئەگەر ئەو سیاسەتە راست نەکرێتەوەو رێککەوتنێکی پتەو لەسەر ئاستی نیشتمانی لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکان گرێ نەدرێت، ئەوا داعشیش تەواو بێت، داعشێکی تر دروست دەبێتەوە. ئێستا کە مەترسیی داعش عێراقییەکانی کۆکردۆتەوەو هەموویان شەڕی دژی داعش دەکەن، ئەوا ئەو کات شەڕەکە دەگۆڕێت بۆ شەڕی هەمووان دژی هەمووان.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنەو هۆشداریدانە بە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا، ئەوەیە کە جەخت دەکاتەوە بەوەی نابێت ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا هەڵەی رابردوو سەبارەت بەبوونی ( ئاسایشێکی رووکەش) دووبارە بکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە، دوای ئەوەی ئەمریکا لەساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ بڕیاریدا هێزی زیاتر رەوانەی عێراق بکات و بەمەش توانرا بە دروستکردنی هێزی سەحوە لەناو هۆزەکانی عەرەبی سوننە، رێکخراوی ئەلقاعیدە لقی عێراق تێکبشکێنن و جۆرێك لەئاسایش و سەقامگیری گەڕایەوە بۆ عێراق، بەڵام ئەو ئاسایش و سەقامگیرییە فشۆڵ و رووکەش بوو، بۆیە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ٢٠١١، تەنیا لەماوەی دووساڵدا، رێکخراوێکی ترسناکتر لە قاعیدە کە ئەویش داعش بوو، سەریهەڵدایەوەو خەلافەتی ئیسلامیشی راگەیاند، ئەوا ئەمجارەیان پێویستە ئەمریکا بە قورساییەکی زۆری سەربازی و سیاسی و دیپلۆماتی لەعێراقدا بوونی هەبێت، بۆ ئەوەی بەشە عەرەبییەکەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی بۆ سوننەو شیعە رێکبخرێتەوە، پێوەندی کوردستان و عێراقیش وەك کۆنفیدراڵی، یان دوو دەوڵەتی دراوسێ لەسەر بنەمای ئاشتییەکی درێژخایەن ریکبخرێتەوە، ئەم ئامانجانەش کە گەوهەری پرۆسەی گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیرییە بۆ عێراق و کوردستان، بەبێ بوونی نفوزێکی گەورەی ئەمریکا لەسەر ئەرز بەدینایەو دووبارە ئاشوب و کارەسات دەست پێدەکاتەوە.

**● دەوڵەتی کوردستان دەستکەوتە گەورەکەی هاوپەیمانیی نیودەوڵەتیی دژی داعش**

ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی لە دوو ساڵی کۆتایی ئیدارەی ئۆباما بەسەر شێوازی سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ باشووری کوردستاندا هاتووە، لەماوەی ١٠٠ساڵی رابردوودا لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت روونەداوە، تەنانەت لەگەڵ جووەکانیش پێش ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دابمەزرێنن.

لەگەڵ ئەوەی گەلی کوردستان وەك گەلێکی بەوەفا خۆی بە قەرداری هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا دەزانێت، کە لەشەڕی دژی داعش بە فریای پێشمەرگە هاتوون و بوونە ئەو هۆکارەی کە خۆڕاگری و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەردەوام بێت و ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکاتەوە، بەڵام بڕیاری بوێرانەی مسعود بارزانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە وەك تەنیا ئۆپشنی خێر لەبەردەم ئەمریکاو تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نیودەوڵەتی وایکرد ئەم گۆرانکارییە گەورەیە لە سیاسەتی ئێدارەی ئۆباما بەرامبەر کوردستان بێتە کایەوە.

دیارە لەماوەی ئەم دووساڵەدا زۆر دەوڵەتی دیکە وەك فەرەنسا و بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپاو ناتۆ، لەبەرامبەر کوردستاندا گۆڕانکاری گەورەیان لە شێوازی سیاسەت و مامەڵەی راستەوخۆیان لەگەڵ کوردستان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمریکا وەك سۆپەرپاوەری جیهانی کە خۆی بە خاوەنی بەهێزترین هێزی سەربازی و ئابووری دەزانێت و توانای ئەوەی هەیە لەدەرەوەی ڤیتۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی بڕیار لەسەر تەواوی کێشەکانی جیهان بدات،

**کاتێک داعش کۆتایی دێت، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش ئەرکەکەی کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەو کاتە ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کۆتایی پێدێت، کە هۆکاری فیتنەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننە کۆتایی پێهاتبێت**

**لەئێستاوە ئەو هێزانە دەستنیشان کراون کە دوای داعش بۆ بەرژەوەندیی مەدی شیعەگەرایی لەناوچەکەدا درێژە بە شەڕی ناوخۆیی دەدەن**

**ئەگەر شەڕی بەوەکالەتی ئێران ببێتە هۆکاری درێژە پێدانی شەڕی ناوخۆ لە عێراق و سووریا و یەمەن، ئەوا بەهەمان شێواز شەڕێکی بەوەکالەتی ناوخۆ بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە لەناو ئێرانیشدا دەست پێدەکات**

**رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئێران ئەگەرێکی دوورەو مەترسیی روودانی زۆر کەمە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیسرائیل چەکی ئەتۆمی هەیە، بەڵام ئێران توانا ئەتۆمییەکەی لەچوارچێوەی رێککەوتنی لەگەڵ ئەمریکادا سڕکراوە، بۆیە خۆی ناخاتە ئەم شەڕەوە**

ئەوا بەم وەرچەرخانە گەورەیەی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کوردستان هاتۆتەئاراوە، پێگەی کوردستانی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە هێشتا کوردستان بەفەرمی نەبۆتە دەوڵەت، بەڵام وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و سەرۆکەکەی وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کۆشکی سپی و ئەلیزی پێشوازی لێدەکرێت.

لایەنێکی دیکە کە ئاماژەیە بۆ پێگەی کوردستان لەناو هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش، ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بە خواست و دەستپێشخەری خۆیان دەیانەوێت هاوکار و هاریکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن لە مەشق و راهێنان و دابینکردنی پێداویستی سەربازی بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەردەوام بێت، ئەم خواست و دەستپێشخەرییەی تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، هەوڵدانە بۆ ئەوەی ببنە لایەنێکی براوەی ئەم شەڕە کە مۆدێلی دەوڵەتی کوردستان و شێوازی شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگە لەسەر زەوی بەسەر تیرۆریستانی داعشدا تۆماری کردووە. راشکاوانەتر ئەوانەی بە تێگەیشتنی نوێ سیاسەت دروست دەکەن و سیاسەت پیادە دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو دەوڵەتەی لە ژێر سێبەری لوولەی تفەنگی پێشمەرگە بەخۆڕسکی لەدایك بووە، مۆدێلی ئەو دەوڵەتەیە کە دوای رێککەوتنی ئاشتی ویستفالیا کۆتایی بەشەڕی ئایینی لە ئەوروپا هێنا، ئەوا دەوڵەتی کوردستان ئەو مۆدێلی دەوڵەتە دەبێت کە لەسەدەی بیست و یەکەمدا کۆتایی بەشەڕی ئایینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنێت. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا لەئێستا بوونیان هەیە، هیچ پێناسەیەکی ئەو دەوڵەتەیان بەسەردا ناچەسپێت کە ماکس ڤیبەر و رێککەوتنی ویستفالیا بۆ دەوڵەتی هاوچەرخیان کردووە، لەناو ئەم جوگرافیا پان و بەرینەدا تەنیا کوردستان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع ئەو پێناسەی راڤەکردووە کە دەتوانێت سەقامگیری و ئاشتی و تەبایی و پێکەوەژیان لەناو جوگرافیای خۆیدا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی دابین بکات و لەهەمانکاتیشدا بتوانێت سنوورەکانی خۆی لە هەڕەشەو مەترسیی دەرەکی بپارێزێت، کە دیارە لە ئێستا تیرۆریستانی داعش گەورەترین هەڕەشەن نەك بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ تەواوی جیهان. لەمەش زیاتر تۆماس فریدمان کە یەکێکە لە دیارترین بیرمەندو رۆژنامەنووسەکانی ئەمڕۆی جیهان، راشکاوانە دەڵێت: دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەدەی بیست و یەکەم دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت، ئەوجا دەتوانین بەسەر تیرۆریستاندا زاڵ بین کە ئەو مەرجانەش بریتین لە:

١. دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەدەی بیست و یەك، دەبێت سەرۆکێکی لێبووردەی هەبێت کە بتوانیت تەبایی و پێکەوەژیان لەنێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات.

٢. ئەم دەوڵەتە دەبێت سوپایەکی هەبێت کە لەسەر زەوی توانای ئەوەی هەبێت سنوورەکانی خۆی لە هەڕەشەی تیرۆریستان بپارێزێت.

٣. مامەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم دەوڵەتە هاوچەرخە دەبێت بە ئاستێك بێت، خۆیان ببنە مامان بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە بەسەلامەتی لەدایك بێت.

ئەگەر سەیری ئەم سێ مەرجە بکەین کە تۆماس فریدمان بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی دیاری کردووە، ئەوا ئەم مەرجانە لە تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی تەنیا لەکوردستاندا بوونیان هەیە، ئەمیش لەبەر ئەوەیە سەرۆك بارزانی ئەو سەرۆکە لێبوردەیەیە کە بەکردەیی سەلماندوویەتی لە دەوڵەتی کوردستاندا تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دەتوان بە ئاشتی و تەبایی و برایەتی پێکەوە بژین، هەروەها پێشمەرگەش ئەو سوپایەیە کە سەلماندوویەتی تەنیا سوپایە لەسەر زەوی دەتوانێت تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی بەگشتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی داعش، هەڵوێستیان بەرامبەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چۆن دەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەو کەس و لایەنانەی کە بە ئەقڵییەتی کۆنی پێناسەی دەوڵەت لەسەردەمی شەڕی سارد بیردەکەنەوە، دەڵێن، هێشتا کاتی باسکردنی دەوڵەتی کوردستان نییە، یان پێمان دەڵێن: دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان دژی رادەوەستن و ناهێڵن ئەم دەوڵەتە لەدایك بێت. بەڵام لەبەرامبەردا ئەوانەی بە ئەقڵیەتی تازە کار لەسەر دروستکردنی سیاسەت و رێکخستنەوەی سیستمی جیهانی دەکەن، بە راشکاوی دەڵێن: جیهان نەك

**پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دەبێتە ناوچەی تەقینەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەو جەمسەرانەی کە خۆیان بە نوێنەری شیعەو سوننە دەزانن**

**سەرکەوتنی ستراتیژیەتی دژی تیرۆر هاوکاری ئەمریکایە بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو پاراستنی ئەو کوردستانەیە کە جیا لەوەی تەبایی و پێکەوەژیانی بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی دروستکردووە**

**ئەو کەس و لایەنانەی کە بە ئەقڵییەتی کۆنی پێناسەی دەوڵەت لەسەردەمی شەڕی سارد بیردەکەنەوە، دەڵێن، هێشتا کاتی باسکردنی دەوڵەتی کوردستان نییە، یان پێمان دەڵێن: دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان دژی رادەوەستن و ناهێڵن ئەم دەوڵەتە لەدایک بێت**

**دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەدەی بیست و یەک، دەبێت سەرۆکێکی لێبوردەی هەبێت کە بتوانیت تەبایی و پێکەوەژیان لەنێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دروست بکات**

**سەرۆک بارزانی ئەو سەرۆکە لێبوردەیە کە بەکردەیی سەلماندوویەتی لە دەوڵەتی کوردستاندا تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دەتوان بە ئاشتی و تەبایی و برایەتی پێکەوە بژین، هەروەها پێشمەرگەش ئەو سوپایەیە کە سەلماندوویەتی تەنیا سوپایە لەسەر زەوی دەتوانێت تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت**

نابێت دژی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی پشت و پەنای ئەم دەوڵەتە بێت بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ تەواوی دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی.

ئەوجا کاتێك بە روانگەی ئەقڵییەتی تازە پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان دەخوێنینەوە و سەرنجی ئەو رووداوگەلە خێرایەش دەدەین کە لەسەر ئەرزی کوردستان روودەدەن، ئەوا دەگەینە ئەو قەناعەتەی دەوڵەتی کوردستان تەنیا بریتی نییە لە ئاوات و خەونی چەند ساڵەی نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان، بەڵکو وەك گەورەترین دەستکەوتەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش سەیر دەکرێت و هەموو هەموو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییش پارێزگاری لەم دەستکەوتە گەورەیە دەکەن و پشتگیری ئەو سەرۆکە دەکەن کە بە کردەیی، بەرەوی بە لێبووردەیی و پێکەوەژیانی لەنێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان داوەو هاوکارو هەماهەنگیی پێشمەرگە بووە کە بۆتە ئەو سوپا نموونەییەی کە لەسەر زەوی نەك تیرۆریستان تێکدەشکێنێت، بەڵکو فیکر و ئەقڵییەتی تیرۆریستانیش لە ریشە هەڵدەکێشێت.

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، ئایا لەسەر چ بنەمایەك دەوڵەتی کوردستان وەك گەورەترین دەستکەوتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆر سەیردەکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ چەمکی دەستکەوت و سەرکەوتن لەسیاسەتی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش بەرامبەر بە عێراق. ئاشکرایە جورج دەبلیو بوش کاتێك پرۆسەی ئازادکردنی عێراقی بە رووخانی رژێمی سەدام حوسێن دەستپێکرد، ئامانجی شەڕەکەی راگەیاند کە دوای سەدام حوسێن عێراقێك بونیاد دەنێتەوە کە دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی بێت، بەڵام هیچ کام لەم دەستکەوتانە بەدینەهاتن و بەپێچەوانەوە عێراق بووە نەوایەکی ئارام بۆ تیرۆریستان و شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننە، هەربۆیە کاتێك پرسیار لە ئیدارەی بوش دەکرا، ئێوە دەڵێن لەشەڕی عێراق سەرکەوتووین، ئایا سەرکەوتن لای ئێوە مانای چییە؟ دیارە ئەم پرسیارە لای ئیدارەی بوش بێ وەڵام بوو، بۆیە شەڕەکە بە شەڕێکی دۆڕاو لەقەڵەم درا، بەڵام ئەگەر سەیری ستراتیژیەتی شەڕی دژی داعش بکەین کە باراك ئۆباما رایگەیاندووە و بریتییە لە تێکشکاندن و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعش، ئەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر زەوی بە هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی، تیرۆریستانی داعشی لە رووی سەربازییەوە تێکشکاندووە، هەروەها لۆژیك و لێبووردەیی سەرۆك بارزانی فیکری داعشی ریشەکێش کردووە، کەواتە ئەگەر ئێستا ئەو پرسیارە لەئیدارەی ئۆباما بکرێت و پێیان بڵێن: ئێوە دەڵێن لە ستراتیژیەتی شەڕی دژی تیرۆر سەرکەوتووین، ئایا سەرکەوتن لای ئێوە مانای چییە؟ بێگومان هەر بەرپرسێکی ئیدارەی ئۆباما دەڵێت: سەرکەوتنی ستراتیژیەتی دژی تیرۆر هاوکاری ئەمریکایە بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو پاراستنی ئەو کوردستانەیە کە جیا لەوەی تەبایی و پێکەوەژیانی بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی دروستکردووە، لەهەمانکاتدا بۆتە شوێنی حەوانەوە بۆ هەموو دەربەدەرەکانی شەڕی داعش لە عێراق و سووریا، هەر لەسەر شێوازی کوردستانیش ئایندەی ناوچەکە بونیاد دەنرێتەوە.

**ئەوانەی بە تێگەیشتنی نوێ سیاسەت دروست دەکەن و سیاسەت پیادە دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو دەوڵەتەی لەژێر سێبەری لوولەی تفەنگی پێشمەرگە بەخۆرسکی لەدایک بووە، مۆدێلی ئەو دەوڵەتەیە کە دوای رێککەوتنی ئاشتی ویستفالیا کۆتایی بەشەڕی ئایینی لە ئەورووپا هێنا**

### ● کۆتایی داعش سەرەتای وەرچەرخانێکی دراماتیکیی گەورە لەناوچەکەدا

ئەگەر پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ وەك تێکشکاندنی داعش لە رووی سەربازییەوە لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ناتوانرێت بە کۆتایی شەڕی مەزهەبگەرایی شیعەو سوننە لە عێراقدا دابنرێت. دیارە شەڕی مەزهەبگەرایی شیعەو سوننەش درێژکراوەی شەڕی ناوخۆی سووریا و باشووری لوبنان و یەمەن و تەواوی جیهانی ئیسلامیشە، لەم بازنەیەدا پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دەبێتە ناوچەی تەقینەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەو جەمسەرانەی کە خۆیان بە نوێنەری شیعەو سوننە دەزانن، لەم راستەوە هەندێك مەزندەی ئەوە دەکەن کە هاوکات لەگەڵ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، یان راستەوخۆ دوای ئازادکردنەوەی موسڵ، شەڕو ئاڵۆزی لەچەند شوێنێکی دیکەی ناوچەکە لەنێوان ئەو جەمسەرانە بەتایبەتی (تورکیاو سعودیەو ئێران) ئەوجا راستەوخۆ بێت، یان شەڕی بەوەکالەت هەڵدەگیرسێت، هەندێکی دیکەش مەزندەی ئەوە دەکەن کە گۆڕەپانی شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ خۆی راستەوخۆ ببێتە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەتی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، بەتایبەتی ئێران کە لەیەمەنەوە تادەگاتە باشووری لوبنان سەرپەرشتی شەڕی بەوەکالەت دەکات.

**دەوڵەتی کوردستان ئەو مۆدێلی دەوڵەتە دەبێت کە لەسەدەی بیست و یەکەمدا کۆتایی بەشەڕی ئایینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنێت**

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ستراتیژیەتی

ئێران لە تەواوی ناوچەکە پشتگیریکردنی شەڕی بەوەکالەت بێت، ئایا کاردانەوەی جەمسەرەکانی دیکە بەرامبەر ئەم ستراتیژەی ئێران چۆن دەبێت؟ دیارە پسپۆڕان لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن: ئەگەر ئێستا شەڕە ناراستەوخۆکە بەئاشکرا لەنێوان سعودیەو ئێراندا بوونی هەبێت، ئەوا ئەم شەڕە بەشێوەیەك لەنێوان جەمسەری شیعەو سوننەدایەو هیچ لایەك لەسعودیەو ئێران بە تەنیا نین و هەریەکەیان کۆمەڵێك هاوپەیمانی هەیە. هەر بۆ نموونە ئەگەر لەچوارچێوەی شەڕی سوننەو شیعە، بەشێکی زۆری دەوڵەتانی عەرەبی و پاکستان و تورکیا پشتگیری بەرەی سعودیە بکەن، لەبەرامبەردا بەشێکی شیعەی عێراق و رژێمی ئەسەدو حزبوڵا و حوسییەکانیش خۆیان لەبەرەی ئێراندا دەبیننەوە، خۆ ئەگەر کێشەکەش وەك دووبەرە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك کێشەی نێوان ئێران و ئیسرائیل سەیری بکەین، ئەوا بەرەکە فراوانتر دەبێت، ئیسرائیل دەکەوێتە بەرەی سعودیەو ئەمریکاو ناتۆ، ئێرانیش دەکەوێتە بەرەی عێراق و سووریا و حزبوڵا و حوسییەکان و رووسیاو کۆریای باکوورەوە.

سەبارەت بە ئەگەری یەکەمیان کە شەڕی بەوەکالەت بۆ فراوانکردنی مەدی شیعە کە ئێران رێبەرایەتی دەکات، چاودێران پێیانوایە، ئەگەری ئەم شەڕە لەگەڵ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ چاوەڕوانکراوە، بەڵام سەبارەت بە ئەگەری دووەمیان کە رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئێرانە، ئەمەیان ئەگەرێکی دوورەو مەترسیی روودانی زۆر کەمە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیسرائیل چەکی ئەتۆمی هەیە، بەڵام ئێران توانا ئەتۆمییەکەی لە چوارچێوەی رێککەوتنی لەگەڵ ئەمریکادا سڕکراوە، بۆیە خۆی ناخاتە ئەم شەڕەوە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە شەڕی بەوەکالەت ئەگەرێکی نزیکە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر شێوازی شەڕی بەوەکالەتی ئێران گۆڕەپانی شەڕی نێوان شیعەو سوننە بێت لەو وڵاتانە، ئایا گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەت دژی ئێران کوێ دەبێت؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارەش شارەزایان و پسپۆڕان دەڵێن، پێکهاتەی ئێران پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگەو لەچەندین نەتەوەو مەزهەب و ئایینی جیاواز پێکهاتووە، بەشێکی زۆری ئەم پێکهاتانە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی سیاسیی تارانن، هەربۆیە کاتێك داعش لە رووی سەربازییەوە کۆتایی دێت، ئەوا شەڕەکە شێوازێکی تەواو شەڕێکی ناوخۆیی مەزهەبگەرایی سوننەو شیعە وەردەگرێت، لەم حاڵەتەدا ئەگەر شەڕی بەوەکالەتی ئێران ببێتە هۆکاری درێژە پێدانی شەڕی ناوخۆ لە عێراق و سووریا و یەمەن، ئەوا بەهەمان شێواز شەڕێکی بەوەکالەتی ناوخۆ بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە لەناو ئێرانیشدا دەست پێدەکات.

لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا کە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بەرەو کۆتاییهاتن دەڕوات، ئەمریکا وەك سەرۆکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، لەهەوڵی ئەوەدایە، فاکتەری سەرەکیی دروستبوونی شەڕی بەوەکالەت و ئیقلیمی دووربخاتەوە، هەر بۆیە بە ئاشکرا رایگەیاندووە، ئەو هێزانەی بۆ نموونە وەك (حەشدی شەعبی و هێزی دیکەش لە کوردستاندا ) کە راستەوخۆ سیاسەت و ستراتیژیەتی ئێران جێبەجێ دەکەن، لەشەڕی دژی داعشدا بە هێزی ئاسمانی پشتگیری ناکرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە لەئێستاوە ئەو هێزانە دەستنیشان کراون کە دوای داعش بۆ بەرژەوەندیی مەدی شیعەگەرایی لەناوچەکەدا درێژە بە شەڕی ناوخۆیی دەدەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر هەڵوێستی ئەمریکا لەناو شەڕی کۆتاییهێنان بەرامبەر داعش، ئەم هەڵوێستەی هەبێت، ئایا دوای ئازادکردنەوەی موسڵ و دەستپێکردنی قۆناخی گێڕانەوەی سەقامگیری و متمانە لەنێوان شیعەو سوننەی عێراقدا، چ هەڵوێستێکی بەرامبەر ئەو هێز و لایەنانە دەبێت، کە بۆ بەرژەوەندیی ئێران فیتنەی مەزهەبگەرایی دروست دەکەن؟ بێگومان لەم حاڵەتەدا کە ستراتیژیەتی ئەمریکاو هاوپەیمانان تێکشکاندنی داعش و لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعشە وەك فیتنەی شەڕی مەزهەبگەرایی لەناوچەکەدا، لەم حاڵەتەدا ئەگەر دوای داعش شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە بەردەوام بێت، ئەوا ئەو لایەنەی کە دەبێتە هۆکاری بەردەوامیی شەڕی ناوخۆی شیعەو سوننە، وەك فیکری داعش سەیردەکرێت و هاوپەیمانی نیودەوڵەتی و ئەمریکا بەرامبەری رادەوەستن، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك داعش کۆتایی دێت، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش ئەرکەکەی کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەو کاتە ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کۆتایی پێدێت، کە هۆکاری فیتنەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننە کۆتایی پێهاتبێت.

**بڕیاری بوێرانەی مسعود بارزانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە وەک تەنیا ئۆپشنی خێر لەبەردەم ئەمریکاو تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نیودەوڵەتی وایکرد ئەم گۆرانکارییە گەورەیە لە سیاسەتی ئێدارەی ئۆباما بەرامبەر کوردستان بێتە کایەوە**

**ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کوردستان هاتۆتەئاراوە، پێگەی کوردستانی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە هێشتا کوردستان بەفەرمی نەبۆتە دەوڵەت، بەڵام وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

**دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان، یان بەشێوازی کۆنفیدرالی لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی عێراق پێوەندی نێوانیان رێکدەخرێتەوە، یان ئەگەر کورد بڕیاری دا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت، ئەوا دەبێت ئەمریکا هەوڵبدات جیابوونەوەی کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی ئاشتییانە بێت**

د.محەمەد ساڵح جومعە بۆ گوڵان:

# هەموو هاوکێشە دژبەیەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە موسڵدا بوونی هەیە و هەر لەوێش دەتەقنەوە، بەڵام بەسەربەخۆیی کوردستان کۆتایی دێت

## ئەگەر ئەو لایەنانەی ئێستا سیاسەتی ئێران جێبەجێ دەکەن، چاو بە خۆیاندا نەخشێننەوە، پێشمەرگە ناچاردەبێت ئەو دەستێوەردانانە رابگرێت



**پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ دەستی پێکردووەو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێن و خەلافەتە ئیسلامییەکەی بڕووخێنرێت، هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆسە سەربازییە گەورەیە مەزندەدەکرێت گۆڕانکاریەکی گەورە و ریشەیی لەناوچەکەدا رووبدات و بەجۆرێك کە نەخشەی سیاسی بەجۆرێکی دیکە دابڕێژرێتەوە، هەر لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا پرسیارگەلێکی زۆر سەبارەت بە ئایندەی کوردستان لەئارادایە و زۆر کەس دەپرسێت ئایندەی کوردستان و عێراق بە کوێ دەگات، یان ئایا دەستێوەردانی ئیقلیمی لەم شەڕەدا ئاراستەو ئاکامی ئەم شەڕە بەرەو کوێ دەبات چۆن دەشکێتەوە؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.محەمەد ساڵح جومعە راوێژکاری سیاسیی پێشووی سەرۆك بارزانی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گولانی دایەوە.**

*** پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بەردەوامەو شەڕەکەش بەرەو سەرکەوتن و کۆتایی دەچێت، ئایا ئەم بارودۆخە بۆ پرسی کوردستان چۆن دەبینین؟**

- لەم شەڕەدا کورد یەکێك دەبێت لەلایەنە سەرکەوتوەکان و گەورەترین سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەهاتنی داعش سایکس پیکۆ کۆتایی هات و ئەو سەرکەوتنانەشی پێشمەرگە لەم شەڕە بەدەستی هێناوە، کوردی گەیاندەوە رۆژگاری سەلاحەدینی ئەیووبی و سەلماندنی کە تەنیا هێزە توانای تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشی هەیە، ئەوجا کە باسی داعشیش دەکەم، دیارە لەم ناوچەیەدا تەنیا یەك داعش نییەو دەوڵەتانی رۆژئاواش لەسەر رەهەندێکی دوورمەوداتر سەیری ئەم مەترسییە دەکەن، ئەمەش بەمانای ئەوەی ئەو مەترسییەی داعش دروستی کردووە، لە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش هەمان مەترسی هەیە، ئەو مەترسییەشی لەو ولاتانە لە ئایندە دەردەکەوێت، زۆر لە مەترسیی ئێستای داعش ترسناکترە، هەموو ئەو هاودژی و پێکناکۆکییانەش کە لەلایەك لەلایەن ئێران و حەشدی شەعبی و لەلایەکی دیکە سعودیەو تورکیا بوونیان هەیە، لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵدا دەردەکەون و دەتەقنەوە، لەناو ئەم هاوکێشەیەدا کورد رۆڵێکی کاریگەری هەیە، لەبەر ئەوەی بەشی فراوانی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ لەلایەن سەرۆك بارزانی-یەوە چاودێری دەکرێت، هەروەها ئەمریکاش سیاسەتێکی دووربینانەی هەیە، بۆیە ئەم لایەن، یان ئەو لایەن کە بە سیاسەتی ئەمریکا رازی نین. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت سیاسەتی ١٠٠ساڵی رابردوو بەرامبەر عێراق و رۆژهەلاتی ناوەڕاست کۆتایی هات، سیاسەتێکی نوێ لەدوای ئازادکردنی موسڵ دەست پێدەکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم ئامانجی ئەم شەڕە لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش و هاوشێوەکانی فیکری داعشە، ئەوا لەوانەیە دوای پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ، شەڕی دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێت،

هیچ دوور نییە لە نێوان سعودیەو ئێران، یان ئێران و تورکیا شەڕ دروست بێت.

*** ئەگەر پرسیارەکە وردتر بکەینەوە، بە تێروانینی تۆ عێراق دوای پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ چۆن دەبێت؟**

- پرۆگرامی ئەمریکا بۆ دوای ئازادکردنی موسڵ دابینکردنی سەقامگیرییە، سەقامگیریش دروست نابێت، ئەگەر عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی، بۆیە بەرنامەی ئەمریکا بەئاشکرا بۆ دروستکردنی کۆنفیدراڵییەکە لەنێوان (کوردو شیعەو سوننە)، ئەمەش واتە دامەزراندنی سێ دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەم ئاراستەیەش هەم بۆ کوردستان و هەم بۆ عێراق و هەم بۆ ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باشە. ئەوەی تا ئێستا دیارە کوردستان و عەرەبی سوننە بەم پرۆسەیە رازین، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا شیعە بەوە رازی دەبێت عێراق ببێتە سێ دەوڵەتی کۆنفیدراڵی؟ بێگومان رازی نابن، لەبەر ئەوەی ئێران بەم چارەسەرە رازی نابێت، کەواتە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئەو لایەنەی کە دەبێتە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە دەبێت لابچێت و لە هاوکێشەکەدا دوور بخرێتەوە.

*** بەڵام لەدوای ئازادکردنی موسڵ کوردستان خۆی وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع بوونی دەبێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە چۆن لەنێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە ئەو میکانیزمە رێکدەخرێت؟**

- دیارە وەك مێژووی جەنگە جیهانییەکان، دوای هەر جەنگێك دەبێت دابەشکردن بکرێت، بۆیە سیاسەتی ئەمریکیش بە شێوەیەکی دیکە و بەگشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە عێراقدا دەست پێدەکات، ئەگەر سەیری رۆڵی ئەمریکاش بکەین لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵدا، بەتەواوەتی تێدەگەین کە ئەمریکا دەیەوێت کێشەی عێراق چارەسەر بکات، چارەسەرەکەش دروستکردنی چەند دەوڵەتێکی کونفیدراڵییە لە عێراقدا.

*** دیارە سەرۆك بارزانی فەرمانی بە پێشمەرگە کردووە جگە لەناوچە کوردستانییەکانی نەینەوا، پێشمەرگە نەچێتە ناو شاری موسڵەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە سەنگەری پێشمەرگە لەکوێ بێ، ئەوەش سنووری باشووری کوردستانە؟**

- بێگومان، بەڵام ئەگەر سەیری مێژووی کوردستان بکەین، ئەو دەرفەتەی ئەمجارە هاتۆتە پێش زۆر جیاوازە، لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو کورد بە ناچاری کەوتۆتە بەرەی دوژمنی خۆیەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەبەرەی دۆستەکانی خۆیدایە کە دیانەوێت کوردستان سەربکەوێت و سنووری کوردستان دابنرێت، ئەمەش تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا پشتگیری لێ دەکات، بۆیە بەرنامەکە بەو جۆرەیە تەنیا سوپای عێراق و هێزەکانی پۆلیس دەچنە ناو شاری موسڵەوە، بەڵام پێشمەرگە پارێزگاری لە ناوچە کوردستانییەکانی نەینەوا دەکات، سەبارەت بەم لایەنەش عەرەبی سوننە رازییە ئەو ناوچە کوردستانییانە بگەڕێنەوە سەر کوردستان.

**به درێژایی مێژوو کورد به ناچاری کەوتۆتە بەرەی دوژمنی خۆیەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەبەرەی دۆستەکانی خۆیدایە کە دەیانەوێت کوردستان سەربکەوێت و سنووری کوردستان دابنرێت**

*** لە قسەکانت وادەردەکەوێت ئەگەر عێراق ببێتە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی ئەوا عەرەبی سوننە دەخوازێت لەگەڵ کوردستان هاوپەیمان بێت، نەك شیعە، ئایا پێوەندی نێوان شیعەو کوردستان چۆن دەبێت؟**

- کوردستان نە لەگەڵ عەرەبی سوننەو نە لەگەڵ عەرەبی شیعە کێشەی نییە، لەگەڵ هەردوولایان هاوپەیمانە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێت، ئەوەیە کە عەرەبی سوننە خۆیان حزبەکەن هاوپەیمانی کوردستان بن، ئەوانەشی پشتگیری سوننە دەکەن وەك سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو، ئەوانیش پشتگیری سیاسەتی ئەمریکا دەکەن، واتە پشتیوانی لە هاوپەیمانی نێوان کوردستان و سوننە دەکەن، سەبارەت بە شیعەش من پێموایە ئەو بەشەی شیعە کە وەك عەمار حەکیم بیردەکەنەوە، حزبەکەن هاوپەیمانی کوردستان بن، بەڵام ئەو بەشەی لە ژێر کاریگەری ئێراندان حزیان بەمە نییە، ئەوجا لەمە زیاتر ئامانجی کوردستان ئازادی و دیموکراتی و پێکەوەژیانە

**هەموو هاوکێشە دژبەیەکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە موسڵدا بوونی هەیە و ئەم دژبوونانەش دەتەقێنەوەو سەرەنجامیش چارەسەرەکەی بە کۆنفیدراڵی کۆتایی دێت**

**نە پرۆژەکەی بەغدا پرۆژەی مالیکی بوو، نە ئەوەی کوردستانیش پرۆژەی گۆران و یەکێتی و مالیکی بوو، بەڵکو هەردوو هەوڵەکە پرۆژەی ئێرانی بوون و ئەوان بەوەکالەت جێبەجێیان دەکرد**

لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەخوازێت لەم ناوچەیە سەقامگیری و تەبایی هەبێت، بۆیە کورد لەگەڵ هیچ دەوڵەت و لایەکدا کێشەی نابێت کە ئامانجی سەقامگیری و تەبایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

*** بەڵام ئەگەر وردتر قسە لەسەر پرۆسەی بە کۆنفیدراڵیکردنی عێراق بکەین، دیارە لەم پرۆسەیەدا هەندێك پارێزگا پێویستی بەوە هەیە دابەش بکرێت، بەتایبەتی نەینەوا بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری لەنێوان کوردو سوننە، هەروەها دابەشکردنی بەغدا بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان شیعەو سوننەدا، ئایا ئەمە دەکرێت؟**

- ئەگەر هەموو لایەك رازی بن عێراق ببێتە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی، ئەوا بەغدا دەبێتە پایتەختی کۆنفیدراڵییەکە، دیارە لەناو بەغداشدا هەڵبژاردن دەکرێت، بۆیە هەر ناوچەیەك لەلایەن ئەو هاووڵاتیانەوە بەڕێوەدەبرێت کە لێی نیشتەجێن، هەروەها لەوانەیە بارودۆخەکە وا پێویست بکات کە بەغداش بکرێتە چەند پارێزگایەك، بۆ ئەمە لە داهاتوودا چارەسەرێك بۆ بەغدا دەدۆزرێتەوە، سەبارەت بە نەینەوا، ئەوا واقیعی شەڕەکە ئەو دابەشبوونەی کردووە، بەشی خۆرئاوای نەینەوا بەدەست عەرەبی سوننە دەبێت و رۆژهەڵاتی ئەو پارێزگایەش دێتە سەر کوردستان، ئەوجا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە بەشێوەیەکی یاسایی دوای ئازادکردنی موسڵ قسە لەسەر ئەو میکانیزمەش دەکرێت.

*** ئەوەی لە قسەکانت جێگەی تێڕامانە، ئەوە بوو کە گوتت شەڕەکە لەموسڵ یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام زۆربەی چاودێران وای دەبینن لە حەلەب یەکلایی دەبێتەوە، ئایا ئەمە دوو بۆچوونی پێچەوانەی یەکتری نین؟**

- نەخێر، لە موسڵ شەڕەکە یەکلایی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو هاوکێشە دژبەیەکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە موسڵدا بوونی هەیە و ئەم دژبوونانەش دەتەقنەوەو سەرەنجامیش چارەسەرەکەی بە کۆنفیدراڵی کۆتایی دێت.

*** دیارە خۆئامادەکردن بۆ پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ ماوەی ٧-٨ مانگە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە تەواوبووە، ئەوەی ئامادەنەبوو سوپای عێراق بوو، ئێستا سوپای عێراق و پێشمەرگە هەماهەنگ و هاوپەیمانن و وەك لایەنی براوەی شەڕەکە سەیر دەکرێن، بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش خەریکە ئەو لایانەش دەردەکەون کە لەشەڕەکەدا دۆڕاون، بەتایبەتی کە لەچەند مانگی رابردوو هەوڵێك هەبوو لەلایەن مالیکی-یەوە بۆ کودەتا بەسەر عەبادی-دا، هەروەها هەوڵێکی هاوشێوەی ئەوەش دیسان بە هاوپەیمانی لەگەڵ مالیکی دژی کوردستان و سەرۆك بارزانی هەبوو، ئایا بۆچی لەو کاتەی سوپای عێراق و پێشمەرگە خۆیان ئامادەدەکرد بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، ئەو هەوڵانە لە بەغداو کوردستان دەرکەوتن؟**

- نە پڕۆژەکەی بەغدا پڕۆژەی مالیکی بوو، نە ئەوەی کوردستانیش پڕۆژەی گۆڕان و یەکێتی و مالیکی بوو، بەڵکو هەردوو هەوڵەکە پڕۆژەی ئێرانی بوون و ئەوان بەوەکالەت جێبەجێیان دەکرد، بەڵام سوپاس بۆ خوا شکستیان هێناو سەرنەکەوتن. هۆکاری سەرەکیی سەرنەکەوتنی ئەو هاوپەیمانییەی نێوان مالیکی و گۆڕان و یەکێتی، لەبەر ئەوە بوو ئەمریکا پشتی کوردستانی گرت، لە بەغداش پشتی عەبادی گرت، بۆیە دەبوا هەموو لایەك لەم راستییە تێبگەن، کە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە سیاسەتانە فەشەل دەهێنێت، هەر دوای شکستی ئەم پڕۆژەیە ئەوەبوو سەرۆك بارزانی و شاندی کوردستان بە ناوبژیوانیی ئەمریکا سەردانی بەغدایان کردو توانرا بەرنامەی تازە دابنرێت و ئەو هەماهەنگی و پێوەندییەی ئێستا بە لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست بێت کە کاریگەری تەواوی لەسەر بەشێکی گرنگی شیعەی عێراق هەیە کە نایانەوێت ببنە پاشکۆی ئێران، هەروەها ئێستا کێشەیەکی گەورە لە نێوان نەجەف و قوم هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەجەف دەیەوێت سەربەخۆ بێت، بەڵام ئێران دەیەوێت نەجەف پاشکۆی قوم بێت و ویلایەتی فەقی لە عێراق دابمەزرێنێت،

**هۆكاری سەرەكیی سەرنەكەوتنی ئەو هاوپەیمانییەی نێوان مالیکی و گۆڕان و یەکێتی، لەبەر ئەوە بوو ئەمریکا پشتی کوردستانی گرت، لە بەغداش پشتی عەبادی گرت، بۆیە دەبوا هەموو لایەک لەم راستییە تێبگەن، کە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە سیاسەتانە فەشەل دەهێنێت**

**لە ئێستادا ئێران دەزانێت ئەگەر راستەوخۆ دەستێوەردان بکات، ئەوا ئەو شەڕ لە دژی کوردستان ناکات، بەڵکو شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکات، بۆیە دەخوازێت لایەنە ناوخۆییەکانی کوردستان سیاسەتەکانی ئەو جێبەجێ بکەن**

**ئەگەر ئەو لایەنانەی ئێستا سیاسەتی ئێران جێبەجێ دەکەن، چاو بە خۆیاندا نەخشێننەوە، ئەوا پێشمەرگە ناچاردەبێت ئەو دەستێوەردانانە رابگرێت،**

بۆ ئەمەش لەقومەوە کەسێك وەك مەندوبی سامی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن ئێرانەوە دیاریکراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئێران بەرامبەر پڕۆژەکەی ئەمریکا تەنگاو بووە، بۆیە ئەوەندەی دژی عەبادی-یە، ئەوەندە دژی داعش نییە، ئەمەش ترسی ئەوەی هەیە هەوڵێکی دیکەی هاوشێوەی ئەوەی پێشتری مالیکی دژی عەبادی بێتەئاراوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەمریکا ڕێگەنادات ئەو هەوڵانە سەربگرێت، بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدات ئەو ئاستەنگانە لابەرێت.

*** بەڵام لە ٢٠١٤ مەرجی سەرەکیی ئەمریکا بۆ دارشتنی ستراتیژیەتی دژی داعش، دوورخستنەوەی نوری مالیکی بوو لە حوکمڕانی، ئایا ئەمریکا بۆ ئەوکات جەختی لەسەر ئەوە کردەوە بەوەی دەبێت نوری مالیکی لە پرۆسەی حوکمڕانی دووربخرێتەوە؟**

- ئاشکرایە ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر عێراقدا هات، ئەوە پڕۆژەی ئێران بوو کە لەلایەن مالیکی-یەوە جێبەجێ دەکرا، کە مالیکیش موسڵی تەسلیمی داعش کرد، ئامانجەکە ئەوە بوو هۆکارێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سوننە پاکتاو کۆمەڵکوژ بکات، ئەمریکاش لەم ڕاستییە تێگەیشت، بۆیە نوری مالیکی دوورخستەوە بۆ ئەوەی سیاسەتی ئێرانی دووربخاتەوە. ئەمریکا لەبەرامبەر ئێران سیاسەتێکی ژیرانەی گرتەبەر، ئەو هات لەمیانەی ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران، پڕۆژەی ئەتۆمیی ئێرانی ڕاگرت، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەگەر ئێران چەکی ئەتۆمی نەبێت، ئەوا بە چەکی تەقلیدی ئەو هێزە نییە کە بتوانێت هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست بکات، بەڵام دەتوانێت دەستێوەردان لە عێراق و سووریا، یان یەمەن و لوبنان بکات، لەم حاڵەتەشدا کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا هاتنە ناو پرۆسەکە، ئەوا ئێران ناتوانێت بەرامبەر ئەوان ڕابوەستێت.

*** بەڵام ئێستا جارێکی دیکە شاندی باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانی ئێرانیان کرد، لەمەش زیاتر دەڵێن قاسم سولەیمانی گوتوویەتی ناوچەی سلێمانی ناوچەی نفوزی ئەوانە، ئایا ئەمەش هەوڵێکی دیکە نییە بە ئاراستەی هەوڵەکانی پێشتر کە فەشەلیان هێنا؟**

- قاسم سولەیمانی لە ڕوانگەی سیاسەتی حکومەتەکەی خۆیەوە ڕاست دەڵێت، ئەوان بەوجۆرە سەیردەکەن، بەڵام ئەگەر سەیری دروستکردنی نەوای ئارام بکەین لەساڵی ١٩٩١ لەلایەن هاوپەیمانانەوە، ئەوا هێڵی ٣٦ ناوچەی سلێمانی نەدەگرتەوە، بەڵکو موسڵی دەگرتەوە، هاوپەیمانان هاتن سلێمانییان خستەناو هێڵەکە، بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە لە نفوزی ئێرانی دووربخەنەوە، بەڵام لە ئێستادا ئێران دەزانێت ئەگەر ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات، ئەوا ئەو شەڕ لە دژی کوردستان ناکات، بەڵکو شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکات، بۆیە دەخوازێت لایەنە ناوخۆییەکانی کوردستان سیاسەتەکانی ئەو جێبەجێ بکەن، پێشتریش ئێران لە ڕێگەی پەکەکەوە هەوڵیداوە سلێمانی و شنگال بکاتە دوو کانتۆن، بەڵام ئەوەشیان پێنەکرا و بەزیانی خۆیان تەواو بوو، بۆیە ئەوانەشی بەوەکالەت دەیانەوێت ئەو سیاسەتە لە کوردستان جێبەجێ بکەن، ئەوا ئاکامی ئەوانیش سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو لە هاوکێشەکە دەچنە دەرەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئێران دەتوانێت ئەوان لەهاوکێشەکەدا بهێڵێتەوە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە دەبێت ئێران هێز بەکار بهێنێت، بەڵام ئایا دەتوانیت پەنا بۆ هێز بەرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە ئەمەش بە ڕێگەی حەشدی شەعبی جێبەجێ دەکات، هەروەك چۆن ئێستا بەشێك لە حەشدی شەعبی لە کەرکووکن، بەڵام ئەمەش سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە دەستێوەردان ڕەتدەکاتەوەو ئەو سەردەمەش بەسەرچووە هیچ لایەك بتوانێت دەستێوەردان لە کوردستاندا بکات، ئەگەر ئەو لایەنانەی ئێستا سیاسەتی ئێران جێبەجێ دەکەن، چاو بە خۆیاندا نەخشێننەوە، ئەوا پێشمەرگە ناچاردەبێت ئەو دەستێوەردانانە ڕابگرێت، کە من ئومێد دەخوازم ئەمە ڕوونەدات. بەڵام بەداخەوە

**دەرچوونی ترامپ بۆ هەندێک هاوپەیمانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەترسی دروست دەکات، بەتایبەتی لەسەر سعودیەو تورکیا، هەروەها لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، چونکە ترامپ داوادەکات دەبێت ئەوان پارە بەئەمریکا بدەن بۆ ئەوەی بیانپارێزێت**

**لێدوانەکانی مالیکی و ئەوەی نەشیروانیش، هەردووکیان فەرمانی ئێرانەو ئەوان جێبەجێی دەکەن، ئەو دوو جوامێرە بێجگە لە جێبەجێکردن ئەرکێکی دیکەیان نییە، هەر بۆیە هەر هەموو قسەکانیان دژی سەرۆک بارزانی-یە**

**باڵی ناوەندی بڕیاری یەکێتی دووربینتر و باشتر هاوکێشەکە دەخوێننەوە و دەزانن ئەوە شەڕێکی دۆڕاوە، بەڵام باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئاراستەی دەکات و نەوشیروان مستەفا پشتگیری لێدەکات، دەیانەوێت بە پشتگیری ئێران هەژموونی خۆیان بەسەر باڵی ناوەندا فەرز بکەن کە من ئومید دەخوازم ئەمە ڕوونەدات**

**پێشتریش ئێران لە ڕێگەی پەکەکەوە هەوڵیداوە سلێمانی و شنگال بکاتە دوو کانتۆن، بەڵام ئەوەشیان پێنەکرا و بەزیانی خۆیان تەواو بوو، بۆیە ئەوانەشی بەوەکالەت دەیانەوێت ئەو سیاسەتە لە کوردستان جێبەجێ بکەن، ئەوا ئاکامی ئەوانیش سەرکەوتوو نابێت**

**ئەو هەمووو کارەساتەی بەسەر عێراقدا هات، ئەوە پڕۆژەی ئێران بوو کە لەلایەن مالیکی-یەوە جێبەجێ دەکرا، کە مالیکیش موسڵی تەسلیمی داعش کرد، ئامانجەکە ئەوە بوو هۆکارێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سوننە پاکتاو کۆمەڵکوژ بکات، ئەمریکاش لەم ڕاستییە تێگەیشت، بۆیە نوری مالیکی دوورخستەوە بۆ ئەوەی سیاسەتی ئێرانی دووربخاتەوە**

**ئێستا کێشەیەکی گەورە لە نێوان نەجەف و قوم هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەجەف دەیەوێت سەربەخۆ بێت، بەڵام ئێران دەیەوێت نەجەف پاشکۆی قوم بێت و ویلایەتی فەقی لە عێراق دابمەزرێنێت**

ئاگری ئەو شەڕەی چاوەڕوان دەکرێت ئێستا لە سعودیە سەرەتاکانی دەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی کاتێك حوسییەکانی یەمەن شاری مەککە و شارەکانی دیکەی سعودیە ڕۆکێت باران دەکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕاگەیاندنی شەڕە لەلایەن ئێرانەوە دژی سعودیە. بۆیە ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە ئێران ڕاناوەستێت، دووبارە دەیڵێم خۆزیا ئەمە ڕووینەدایە، بەڵام ئەمانە نیشانەی پەلکێشکردنی ناوچەکەیە بۆ شەڕێکی دیکە.

*** بەڵام وەك سەرنج دەدرێت، ئەم شاندەی باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، باڵی ناوەندی بڕیاری یەکێتی لەگەڵ نییە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەم باڵە نایەوێت خۆی بخاتە ناو ئەو سیاسەتە؟**

- باڵی ناوەندی بڕیاری یەکێتی دووربینتر و باشتر هاوکێشەکە دەخوێننەوە و دەزانن ئەوە شەڕێکی دۆڕاوە، بەڵام باڵی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئاراستەی دەکات و نەوشیروان مستەفا پشتگیری لێدەکات، دەیانەوێت بە پشتگیری ئێران هەژموونی خۆیان بەسەر باڵی ناوەندا فەزر بکەن، پێشتر مام جەلال ئەوانی کردبووە شەریك، بەڵام ئێستا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەیەوێت ئەوان ملکەچ بکات، بۆیە باڵی ناوەندی بڕیار ئەمە لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدو نەوشیروان مستەفا قبوڵ ناکەن، ئەم ئاراستەیەی کە دەیەوێت خۆی لەگەڵ ئێران ڕێکبخات، لەسەر سێ ستوون بەرنامەی خۆیان ڕێکخستووە، یەکەمیان دژی بارزانی (واتە دەوڵەتی کوردستان)، دووەم دابەشکردنی کرمانجی و سۆرانی، سێیەم پشتگیری سیاسەتەکانی ئێران، بۆیە ئەگەر ئەم سێ ستوونە ڕووخان، ئەوا بنکەی جەماوەری ئەوانیش لەبەر یەك هەڵدەوەشێت، بۆیە ناوەندی بڕیار دووربینانەتر سەیری ئەو ئاراستەیە دەکات و نایەوێت خۆی تێکەڵاوی ئەو هاوکێشەیە بکات.

*** ئەو لێدوانە توندانەی ئەم دواییەی نوری مالیکی لەسەر سەرۆك بارزانی کە خۆی جەخت دەکاتەوەو دەڵێت مەبەستم مسعود بارزانی-یە، هەروەها دوای مالیکیش نەوشیروان مستەفاش بەهەمان شێوە هاتەسەرخەت، ئایا ئەمانە پێوەندییان بەیەکەوە نییە؟**

- لێدوانەکانی مالیکی و ئەوەی نەشیروانیش، هەردووکیان فەرمانی ئێرانەو ئەوان جێبەجێی دەکەن، ئەو دوو جوامێرە بێجگە لە جێبەجێکردن ئەرکێکی دیکەیان نییە، هەر بۆیە هەمووو قسەکانیان دژی سەرۆك بارزانی-یە، لەمەش زیاتر خۆ ئێستا ئێران نەیشاردۆتەوە لەیەمەنەوە تادەگاتە باشووری لوبنان شەڕی بەوەکالەت دەکات، ئەمەش جۆرێکە لەشەڕی بەوەکالەت بۆ ئێران.

*** بەڵام سەرۆك بارزانی تەنیا بەدوو وشە (الحسود لايسود) وەڵامی قسەکانی مالیکی دایەوە، ئایا ئەم دوو وشەیە مانای چییە؟**

- سەرۆك بارزانی هەمووو کات وەڵامەکانی کورت و پڕمانان، لەدوای گۆڕانکارییەکانیش تێدەگەین بارزانی بۆچی ئەم دوو وشەیەی بەکارهێناوە، ئەم دوو وشەیە دیاریکردنی براوەو دۆڕاوەکانی ئەم شەڕەن، هەر لەئێستاوە دەرکەوتووە کە مالیکی یەکێکە لە وەکیلەکانی ئێران و دۆڕاوی شەڕەکە، بەڵام سەرۆك بارزانی دەبێتە بەشێکی گرنگ لە براوەی شەڕەکە.

*** ئەگەر باسی بارودۆخی سووریا بکەین، دیارە ئێستا ڕووسیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، تورکیا چۆتە ڕۆژئاواو شەڕ لەگەڵ چەکدارانی یەپەگە دەکات، ئەمریکاش بێدەنگە، ئایا ڕەوشی سووریا چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- چوونی تورکیا بۆ ناو سووریا بەبێ ئاگاداری ئەمریکا نییە، ئەو ئەرکەش بۆ تورکیا دیاری کراوە کە شەڕ لەگەڵ ئەو لایەنانە بکات کە بەوەکالەت شەڕ بۆ ئێران دەکەن، واتە شەڕەکە دژی ئێرانە، ئەوجا لەبەر ئەوەی پەکەکەو پەیەدە دەست لە سووریا و ئێران بەرنادەن، ئەوا تورکیا شەڕی ئەوانیش دەکات، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ئەردۆگان چووە ڕووسیاو لەگەڵی ڕێککەوت و پێی ڕاگەیاند من سنووری خۆم کۆنترۆڵ دەکەم، هەر دوای ئەمەش بوو، ئەرۆدغان بەئاشکرا بەئەمریکای ڕاگەیاند، یان ئێمە، یان پەیەدە،

ئەمەش مانای ئەوەیە تورکیا دەیەوێت شەڕی سووریا و ئێران بکات، ڕاستە ئەمریکا هاوکاری چەکدارانی پەیەدە دەکات، بەڵام پەیەدە لە یەك کاتدا دەیەوێت لە دوو شوێن گۆڤەند بکات، سەبارەت بە ڕووسیاش ئاشکرایە ڕووسیا نایەوێت ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت، بەڵام ڕووسیا شەڕ بۆ بەرژەوەندی خۆی لەدەریای سپی ناوەڕاست دەکات و دەیەوێت لەتەرتوس و لازقیە پێگەی وشکاییشی هەبێت. بە بۆچوونی من سەرەنجام ڕووسیا و ئەمریکا لەسەر پرۆسەی پارچەپارچەکردنی سووریا ڕێکدەکەون، بەشە عەلەوییەکەی تەسلیمی ڕووسیا دەکرێت، بەشی کوردو سوننەش تەسلیمی ئەمریکا دەکرێت.

*** دیارە ئەم دیمانەیە ڕۆژێك پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بڵاودەکرێتەوە، کاندیدەکانی سەرۆکایەتی لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمریکادا، جیاوازن لەهەڵبژاردنەکانی پێشووتریان، ئایا چۆن سەیری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن و پێتانوایە کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا؟**

- ئەگەر سەیری پرۆسەی هەڵمەتەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا بکەین، ئەوا تەواوی سیاسەتی ئەمریکامان بۆ دەردەکەوێت و بەرەو ئاراستەیەك دەچێت کە تەواوی سیاسەتی سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش و باراك ئۆباما گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش واتە قۆناخێکی تازە لە سیاسەتی ئەمریکا دێتەئاراوە، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری شێوازی داڕشتنی سیاسەتی ئەمریکا بکەین، ئاشکرایە ئەوانەی ئەو سیاسەتەیان دروستکردووە، هەستیان کردووە کە ئەمریکا بەدرێژایی مێژووی خۆی لەتەنگانەی لەمجۆرەی ئەمڕۆ نەبووە، ئەم سیاسەتەش بە بۆچوونی من بەوجۆرە داڕێژراوە کە کۆمارییەکان بێنە سەرحوکم، جێبەجێکردنی سیاسەتێکی لەمجۆرەش پێویستی بە کاندیدێکی سەرشێت و توند هەیە، ئەم سیفەتانە لە کەسایەتی دۆناڵد ترامپی کاندیدی کۆمارییەکان بوونی هەیە، بۆیە ئەگەر سەیری کاندیدەکانی کۆمارییەکان بکەین بۆ سەرۆك کۆمار، لەمێژووی خۆیاندا کەسێکی وا توندو سەرشێتیان کاندید نەکردووە، لەبەر ئەوەی لێدوانەکانی ترامپ پێش ئەوەی دوژمنەکانی ئەمریکا بترسێنێت، گەلی ئەمریکاو دۆستەکانی ئەمریکا دەترسێنێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە لەوانەیە ترامپ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا بێت، بەڵام سەرەنجامیش ئاکامی دەنگەکان دەستنیشانی دەکات کە ترامپ، یان هیلاری کامیان دەبێتە سەرۆك کۆماری داهاتووی ئەمریکا.

*** بەڵام بەپێی ئاکامی ئەو ڕاپرسییانەی دەکرێن، هەموو ئاکامەکان ئەوە پیشاندەدەن کە هیلای زۆر لەپێش ترامپەوەیە، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە زۆر زەحمەتە ترامپ دەربچێت؟**

- هێشتا ئەم پرسە تەواو دیار نییە، لەبەر ئەوەی چەند لە هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینەوە، جیاوازی نێوان هیلاری و ترامپ کەم دەبێتەوە، ئێستا هیلاری خاڵێك یان دوو خاڵ لەپێش ترامپەوەیە، ئەمەش مەزندەکردنی قورس کردووە.

*** سەبارەت بە ئێمە وەك کورد ئایا هەر کامیان ببێتە سەرۆککۆماری ئەمریکا، گۆڕانکاری دروست دەبێت، یان با بڵێین کامیان بۆ بەرژەوەندی کورد سوودیان زیاترە؟**

- بۆ ئێمەی کورد، دیموکراتەکان لەدەسەڵات بن، یان کۆمارییەکان هیچ جیاوازی نییە، سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسرائیل زۆر گرنگە و کاریگەریشی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبێت، دیارە ئیسرائیل پشتگیری ترامپ دەکات، بەڵام دەرچوونی ترامپ بۆ هەندێك هاوپەیمانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەترسی دروست دەکات، بەتایبەتی لەسەر سعودیەو تورکیا، هەروەها لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، چونکە ترامپ داوادەکات دەبێت ئەوان پارە بەئەمریکا بدەن بۆ ئەوەی بیانپارێزێت، هەروەها ئەگەر ترامپ دەربچێت، زۆر نزیکە ڕێککەوتنی ئەمریکا لەسەر پرسی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی تەواوی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت و لەگەڵ ڕووسیاشدا ڕێکدەکەوێت.

**بەهاتنی داعش سایکس پیکۆ کۆتایی هات و ئەو سەرکەوتنانەشی پێشمەرگە لەم شەڕە بەدەستی هێناوە، کوردی گەیاندەوە ڕۆژگاری سەلاحەدینی ئەیووبی و سەلماندنی کە تەنیا هێزە توانای تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعشی هەیە**

**ئەگەر ترامپ دەربچێت، زۆر نزیکە ڕێککەوتنی ئەمریکا لەسەر پرسی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی تەواوی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت و لەگەڵ ڕووسیاشدا ڕێکدەکەوێت**

**سەرەنجام ڕووسیا و ئەمریکا لەسەر پرۆسەی پارچە پارچەکردنی سووریا ڕێکدەکەون، بەشە عەلەوییەکەی تەسلیمی ڕووسیا دەکرێت، بەشی کوردو سوننەش تەسلیمی ئەمریکا دەکرێت**

# بەرهەمهێنانەوەی فاشیزم



ئازا حەسیب قەرەداخی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بە وردبوونەوە لە مێژووی ئیسلامی سیاسی راستییەكی زۆر سادە دەبینین ئەویش ئەوەیە كە بە هەڵوەشانەوە، یان رووداني ئینشیقاق، یان لەناوچوونی رێكخراوێكی ئیسلامیی توندڕۆ، یەكێكی لەوەی پێشوو، یان لە حزبی دایك توندڕۆتر دروست كراوە. هەمیشە كە حزبێكیان هەڵوەشاوەتەوە، یەكێكی تر لە میرات و پاشماوەی حزبە هەڵوەشاوەكە پێكهێنراوە كە هەم لە گوتاریدا، هەم لە رەفتاریدا موتەعەسیبتر و تەكفیریتر و توندئاوێژتر بووە. هەردەم وابووە كە باڵێك لە باڵێكی تری حزبێكی ئیسلامی جیابۆتەوە، ئەمەی دووەمیان خاوەنی گوتارو رەفتاری توندوتیژتر بووە. ئەم حاڵەتە هەر بە لێكدانەوەی رووالەتانەش دەسەلمێنرێ و دەیان نموونەی لەبارەوە دەهێنرێتەوە، چونكە راستییەكی زۆر سادەو بینراوە. سادەیە بەڵام هەڵگری بنەماكانی قوڵترین ئیشكالییەتی فیكری و رێكخراوەییەو سەرچاوەكەیشی ئەوەیە كە فاشیزم لەهەر شێوەیەكیدا بێت، هەر فاشیزم بەرهەم دەهێنێتەوەو ئەوەی دووەم فاشیتر دەبێ، چونكە پێی وابووە حزبی دایك نەرمی نواندووە بەرامبەر نەیارو دوژمنەكانی و نەدەبوا بەوجۆرە لێبووردە، یان تووك نەرم بێ، بۆیە جیابوونەوە، یان هەڵوەشانەوە و خۆدروستكردنەوە بە گوتار و رەفتاری توندوتیژتر حەتمییەو دەبێ رووبدات. بەم هۆیەوە ئەوانەی ئەم بڕوایەیان لەلا دروست دەبێ، دواجار یان حزبەكەیان هەڵدەوەشێننەوەو یەكێكی تر لە قوڕەكەی دروست دەكەنەوە بەو مەرج و فۆرم و هەیكەلییەت و بەرنامە و گوتار و رەفتارە كە لەحزبی هەڵوەشاوە توندتر بێ. یان كە حزبی دایكیان پێ هەڵنەوەشایەوە، ناچار ئینشیقاق دەكەن و دانەیەكی توندتر دروست دەكەن و بەر لە هەموو نەیارو دوژمنەكانیشیان حزبی دایك تەكفیر و تەخوین دەكەن. ئەم لێكدانەوەیە تەنیا بۆ حزبە ئیسلامییەكان راست و دروست نییە، بەڵكو بۆ حزبە پۆپۆلیستە رەفتار فاشییەكانیش راستە. كرۆكی جیاوازی و ناكۆكیی ناوخۆی ئەمانیش گوتار و رەفتاری توندڕۆییە. جیاوازییەكانی نێوان باڵ و رەوتەكانی ناوخۆ ئەوكاتە دەست پێدەكات كە بەشێكیان پێیانوایە حزب لە ئاستی نەیار و دوژمنانیدا پاشەكشەی كردووەو نەرمی دەنوێنێ و ئیتر حزبێكی «شۆڕشگێڕی خاوەن گوتارو بەرنامەی گۆڕینی ریشەیی و رادیكال» نەماوە و دەبێ بگۆڕدرێ و ئەو گوتارو بەرنامەو رەفتارە شۆڕشگێڕییە تەبەننا بكاتەوە. ئەم جیاوازییە ئەگەر چارەسەری نەكرا، ئەوسا دەبێتە ناكۆكی و لە كۆتاییشدا ئیتر ئینشیقاق، یان هەڵوەشانەوە و دروستكردنی حزبێكی نوێی لێ دەكەوێتەوە، كە توندتر و رادیكالتر دەبێ لەحزبی دایك.

ئەوەی ئێستا لە ریزەكانی بزووتنەوەی گۆڕاندا روودەدات و بانگەواز بۆ خۆچەكداركردن و پێكهێنانی شانەی جاسووسی بۆ ئیغتیالات و كوشتنی نەیارەكانیان دەكەن، نیشانە سەرەتاكانی سەهەڵدانی ئەو باڵە توندڕەوتر و فاشیترەیە كە پێیوایە گوڕان چیتر ناتوانێ ئەو بزووتنەوە «شۆڕشگێڕە رادیكال»ە بێت كە هیوایان لەسەر هەڵچنی بوو. هەڵبەت ئەم باڵە پشئەستوورە بە فەرهەنگی رەسەنی رێكخەرە گشتییەكەیان كە دەیگوت ئێمە بەئاسانی دەتوانین باری ئاسایشی هەرێم تێكبدەین. دوو تەقە لە دوو قونسوڵخانە بكەین و چەند ئەندازیارێكی كۆمپانیا بیانییەكان بڕفێنین، هەموو دەڕۆن و چۆڵی دەكەن و سومعەی هەرێم و حكومەتەكەی پارتی دەشكێنین! كاتێك ئەم بەرنامەیەی رێكخەری گشتی بە هۆی ئاشكرابوونیەوە شكستی هێناو وا ساڵێكی بەسەردا تێدەپەڕێ و كردارێكی بەدیلی ئەوەیان پێ نەكرا و خۆپیشاندان و بایكۆتیش نەیانتوانی ببنە بەدیل، بۆیە ئەو باڵە چیتر ناتوانێ لەوە زیاتر چاوەڕێ بكات. ئیتر گەیشتۆتە ئەو بڕوایە كە بزووتنەوەكەی شل بۆتەوەو نەرمی دەنوێنێ. بۆیە دەبێت راتەكێنرێ و «ئەو تەپوتۆزە لە خۆی بتەكێنێت كە بەجەستەیەوە نیشتووە»و خۆی ساز بكات بۆ ئەوەی كە «تەنیا

کودەتا دەتوانێ ئەم دۆخە ڕاست بکاتەوە»، چونکە «کە بیر لە چارەسەر دەکەینەوە، لە ڕووخان زیاتر ئەو مەملەکەتە هیچ چارەسەرێکی تری نییە». (خوێنەری بەڕێز هەموو ئەو دەربڕینانەی لە نێوان دوو کەوانەی بچووکدان، قسەی هەڵسووڕاوانی گۆڕان و ئەوانەن کە بە فیکر لەو بزووتنەوەیەوە نزیکن، لە وتاری بڵاوکراوەیانەوە وەرم گرتوون.)

هەڵسووڕاوانی گۆڕان ئیتر بەو قەناعەتە گەیشتوون ئەم بزووتنەوەیەی ئێستایان کۆتایی هاتووە و قۆناغی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێیە بەڵام بەو مەرجە کە «ژیان و جووڵەو چالاکی لە وەهمی گەڕانەوەمان بۆ ڕابردوو، لە باشترین حاڵەتدا دەمانکات بە حزبێکی ڕەجعی....وەك چۆن دەستگرتن بە ئێستاوە، یان مانەوەمان لە دۆخی ئێستادا لە باشترین حاڵەتدا بەرەو دنیای موحافیزکاری ڕاپێچمان دەکات.. بۆیە پێویستە گۆڕان لە هەموو ڕوویەکەوە بیر لە قۆناغێکی سیاسیتر بکاتەوەو خۆی بۆ قۆناغێکی سیاسیی نوێ سازبدات، کە لە قۆناغەکانی ڕابردو نەچێت.» جا ئەگەر ئەم بزووتنەوە نوێیە کە نابێ هیچی لەوەی ڕابردوو بچێ و ئەم قسانەش لەو کەسانەی گۆڕان ببیستین کە بە هەڵوێست و ڕەفتاری توندڕۆ ناسراون، کەواتە چاوەڕوانی ئینشیقاق، یان هەڵوەشانەوە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بزووتنەوەیەك دەکەین لەوەی پێشوو نەچێت، بەڵکو چەکدار بێ، شانەی جاسووسی و ئیغتیالاتی هەبێ و بڕوای بە بەرپاکردنی کودەتا هەبێ بۆ ڕووخاندن وەکوو چارەسەر بۆ ئەم مەملەکەتە. هەموو ئەمانەش واتە سەرهەڵدانی گروپێك کە توندوتیژی و فاشییەت و ئیرهابی سیاسی و فیکری ئێستای گۆڕانی پێ نەرمییەو دەبێ توندترو فاشیتر بێ، دەبێ هەر کەسێك ڕەخنەیان لێ بگرێ، بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەو دەنگ بەرزکردنەوە بەسەریدا بێدەنگی بکەن. ئەم دەرکەوتەیە، خودی هەڵسووڕاوانی تری ناو بزووتنەوەکەی ترساندووەو دووپاتی دەکەنەوە کە «بێگومان بۆ گۆڕان تێکدانی هەرێمی کوردستان و لەقکردنی دەسەڵاتی پارتی لەڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگی خەڵکەوە کارێکی گەلێك ئاسانە، بەڵام ئایا کوردستان و خەڵکەکەی بەرگەی شەڕو ماڵوێرانی سەرلەنوێی نێوان ڕۆڵەکانی خۆی دەگرێتەوە؟! ئایا ئەوەی بەتوندوتیژی وێران دەبێت چەند ساڵی دەوێت بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئاوەدان بکرێتەوەو ژیان ئاسایی بکرێتەوە؟» ئەمە وەڵامی شەرمنانەی ئەوانی تری ناو گۆڕانە بۆ باڵە فاشییە نوێیەکە. بۆیە دەڵێم شەرمنانە، چونکە لە کرۆکدا دان بە ڕەوایەتی زەبروزەنگەدا دەنێ و تێکدانی هەرێم و لەقکردنی دەسەڵاتی پارتی بە کارێکی گەلێك ئاسان دەزانێ. بەڵام خەمی ئەوەیەتی دوایی پێیان بینا نەکرێتەوەو ساڵانی زۆر و خەرجی زۆریان گەرەکە بۆ بیناکردنەوە. تەنانەت بۆ پاساو، دیسانەوە شەرمنانە دەڵێن: با ئەزموون لەو وڵاتانەی عەرەبی وەرگرین کە بەهاری عەرەبییان تێدا ڕوویداو وێران بوون و نەتوانرا بینا بکرێنەوە. بۆیە خۆیان دەڵێن: «گۆڕان دەتوانێت لەسەرئارامگرتنی خۆی بەردەوام بێت و خۆی سازو ئامادە بکات. بێگومان ئەو ڕووداوە گەورەو بچووکانەی ناوچەکە هاوکێشەی دەسەڵات و هاوسەنگی هێز بەم شێوەیەی ئێستا ناهێڵنەوەو پارتی خۆشی بێت، یان ترشی، ئەم هەیمەنە فشەڵەی ئێستای تەمەندرێژ نابێت». کەواتە لە ستراتیژدا جیاواز نین کە لەناوبردنی پارتییە، بەڵکو لە تاکتیك و شێوازی خەباتدا جیاوازن. من ئەمەیش بە جیاوازی نابینم، چونکە دەرەنجام عەبەسییەت و بێئومێدبوونی ئەمانەیشیان ناچاریان دەکات، تەسلیم بە ئیرادەی ئەوانی تر ببن و فاشییەتی یەکەم کۆتایی بێت و فاشییەتێکی نوێی توندتر دروست بێت. ئەم بزووتنەوە فاشییە نوێیە بە هەماهەنگی و هاوکاری ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ سەرهەڵدانی فاشیزمی ئیسلامیدا کە ئەویش خەریکی چەکەرەکردنی نوێیە، بە هاوکاری و دنەدان لەلایەن باڵی سەرکردایەتی قەندیلی پەکەکە و دەست لەپشتدانی دەرەکییەوە، هەر لە سلێمانی دەوروبەری دروست دەبێ، بۆیە خەڵك و حزبەکانی دی بەگشتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هەردوو باڵەکەی ئێستای و کاربەدەستان و ڕۆشنبیرانی سلێمانی کە یانزە ساڵە تەحەمولی فەوزاو ڕەفتاری ئەنارشیزمی پۆپۆلیستانەو بڵاوکردنەوەی بێ ئومێدی و ڕەشکردن و بێ بەها کردنی هەمووشتێك و بایکۆت و خۆپیشاندانی دروستکراوی بێ بەرهەم و پێشوەخت فرۆشراویان گرتووە، ئەرکێکی سەخت و چارەنووسسازیان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ڕێگەگرتن لە ئەگەری سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی وەها فاشی. پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە حیکمەتی خۆی و تەرحکردنی چارەی کردنی بۆ کێشە سیاسی و داراییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان دەتوانێ هاوکارێکی فعلی بێ لە پووچەڵکردنەوەی ئەو هۆکار و پاساوانە کە ئەو فاشییە نوێیە کردوونیەتە پاساوی دروست بوونی خۆی. بەر لە سەربەخۆیی کوردستان دەبێ ئەو فاشییە نوێیە لە منداڵدانی دایکیدا لەبار ببرێ.

**ئەم بزووتنەوە فاشییە نوێیە بە هەماهەنگی و هاوکاری ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ سەرهەڵدانی فاشیزمی ئیسلامیدا کە ئەویش خەریکی چەکەرەکردنی نوێیە، بە هاوکاری و دنەدان لەلایەن باڵی سەرکردایەتی قەندیلی پەکەکە و دەست لەپشتدانی دەرەکییەوە، هەر لە سلێمانی دەوروبەری دروست دەبێ**

**ئەوەی ئێستا لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی گۆڕاندا ڕوودەدات و بانگەواز بۆ خۆچەکدارکردن و پێکهێنانی شانەی جاسووسی بۆ ئیغتیالات و کوشتنی نەیارەکانیان دەکەن، نیشانە سەرەتاکانی سەهەڵدانی ئەو باڵە توندڕەوترو فاشیترەیە کە پێیوایە گوڕان چیتر ناتوانێ ئەو بزووتنەوە «شۆڕشگێڕە ڕادیکال»ـە بێت کە هیوایان لەسەر هەڵچنیبوو**

**بە وردبوونەوە لە مێژووی ئیسلامی سیاسی ڕاستییەکی زۆر سادە دەبینین ئەویش ئەوەیە کە بە هەڵوەشانەوە، یان ڕوودانی ئینشیقاق، یان لەناوچوونی ڕێکخراوێکی ئیسلامیی توندڕۆ، یەکێکی لەوەی پێشوو، یان لە حزبی دایک توندڕۆتر دروست کراوە**



**پرۆفیسۆر ئۆفرا بینگیو، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەبواری مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە زانکۆی تەل ئەبیب بەدەستی هێناوە، لەئێستادا سەرۆکی بەشی پرۆگرامی دیراساتی کوردییە لە سەنتەری مۆشێ دایان بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لە زانکۆی تەل ئەبیب. پێشتریش وانەبێژ بووە لەچەند زانکۆیەکی گرنگی وەك: زانکۆی ئیمۆری، زانکۆی یێلدز. بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی ئێستاو ئەگەرەکانی ئایندە لەپێوەندی بە عێراق و کوردستانەوە، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی ئاکامەکانی شەڕی رزگاکردنەوەی موسڵ، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان دەڕوانیت؟**

- بارودۆخەکە هەستیارە، وڵاتەکە لە حاڵەتی شەڕدایە، کەسیش نازانێت چۆن ئەو شەڕە کۆتایی دێت. ئەوە راستییەکی زانراوە کە ئێمە دەزانین کەی شەڕەکان دەست پێدەکەن و چۆن دەست پێدەکەن، بەڵام هەرگیز نازانین چۆن کۆتاییان دێت و دەرئەنجامەکانیان چی دەبێت. بۆ نموونە، سەددام حوسێن پلانی بۆ هێرش و هەڵمەتێکی سەربازی داڕشت کە سەرکەوتنێکی خێرای بەدوادا بێت، بەڵام بە شەڕێکی هەشت ساڵە کۆتایی هات کە کاولکاری بەسەر وڵاتەکەدا هێنا. ئەو شەڕەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، شەڕێکی ئاڵۆزترە، هەروەها رۆڵی کوردیش لەو شەڕەدا ئاڵۆزە. هۆکاری ئاڵۆزییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەندین گەمەکاری تێوەگلاون کە هەر یەکێك لەو گەمەکارانەش ئەجێندای جیاوازیان هەیە. لە لایەکەوە بازنەیەك –ئاستێکی- ناوخۆیی هەیە کە کوردو حکومەتی مەرکەزی و سوننەکان و هێز و میلیشیا جۆراوجۆرەکانی دیکە، بە چەشنی حەشدی شەعبی دەگرێتەوە. کورد دەوێت لە کۆتاییدا ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، بەغداش خوازیاری گەڕانەوەیە بۆ دەوڵەتێکی مەرکەزی، لەکاتێکدا سوننەکانیش هەوڵی ئەوە دەدەن پێگەی رابردوویان بەدەست بهێننەوە. بازنەی دووەم گەمەکارە ئیقلیمیە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرێت، کە گرنگترینیان بریتین لە ئێران و تورکیا، هەر یەك لەم دوو وڵاتەش هەوڵ دەدەن عێراق بکەنە زۆنی دەستڕۆیشتوویی بۆ خۆیان و کاردەکەن بۆ ئەوەی شەڕی موسڵ بکەنە بەردەبازێك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانیان. ئێران ئومێدی پێکهێنانی میحوەرێکی شیعە دەکات کە لەئێرانەوە دەست پێدەکات بە تێپەڕبوون بە موسڵ و سووریا و لوبناندا، لەکاتێکدا تورکیا خوازیاری ئەوەیە کە هێزەکانی رەوانە بکات ئیدی یان بۆ شەڕکردن لەدژی پەکەکە، یاخود بۆ بەرگرتن بە بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی شیعە، یاخود بۆ بەدەستهێنانەوەی هەندێ دەستڕۆیشتوویی لەنێو سوننەکاندا. لە بازنەی سێیەمدا، ئێمە هێزە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان بەدی دەکەین کە سەرقاڵی رکابەرین لەسەر بەدەستهێنانی دەستڕۆیشتوویی، لە سەرووی هەموویانەوە، هەردوو وڵاتی ئەمەریکا و رووسیا. لە راستیدا، شەڕی دژ بە داعش لەعێراق و سووریادا گۆڕاوە بۆ چەشنێك لە شەڕی سارد لە نێوان هەردوو هێزەکەدا کە هەر یەکەیان هەوڵدەدات ئەوی دیکە ئیحتیوا بکات و باڵادەستی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە تەنگوچەڵەمەدا بەدەست بهێنێت.

*** ئەوە ئاشکرایە کە ئیدارەی ئەمەریکا هەوڵ و**

ئۆفرا بینگیو تایبەتمەندی کاروباری کورد بۆ گوڵان:

# دەرئەنجامی شەڕی ئێستای موسڵ بەندە بەوەی کوردستان چۆن هەڵسوکەوت لەسەر ئەرزی واقیع دەکات

## مالیکی دەیەوێت یەکێتی نیشتیمانی و گۆڕان بەکار بهێنێت بۆ لێکترازاندنی زیاتری بەرەی کورد و لەباربردنی پرۆسەی سەربەخۆیی

**کۆششەکانی چڕکردۆتەوە بۆ تێکشکاندن و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی داعش لە رووی سەربازییەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیدارەی داهاتوو ئەرکی گێڕانەوەی سەقامگیری دەکەوێتە ئەستۆ، کەواتە پێتوانییە گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری پێویست بە دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی دەوڵەت دەکات لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریادا؟**

- من پێموانییە ئەمەریکا توانا، یان بوێری یاخود پاساو و زەمینەی ئەخلاقی هەبێت بۆ ئەوەی دووبارە دایبڕێژێتەوە. واتە دۆخەکە هاوشێوەی هەلومەرجی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نابێت، کاتێك هەردوو هێزە مەزنەکە، بەریتانیا و فەڕەنسا، توانییان بە گوێرەی تمووحە سیاسییەکانی خۆیان ناوچەکە دابڕێژنەوە. هێشتا ئەمەریکا پابەندو پەیوەستە بە بیرۆکەی عێراقێکی یەکگرتووەوە و ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە رووسیا مافی ڤیتۆی هەیە کە رێگەنادات هیچ کارێك بکات کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی، یان بەرژەوەندی پاشکۆکەکانی clients بگەیەنێت. لەبەر ئەوە پێموانییە لەم ساتەوەختەدا ئەمەریکا بە جددی بیر لەئەنجامدانی گۆڕانکاری ریشەیی بکاتەوە لەنەخشەی سایکس پیکۆدا. کەواتە تاوەکو ئێستا ئەمەریکا بەڵێنێکیان نەداوە، یاخود هیچ شتێکیان رانەگەیاندووە کە پەیوەست بێت بە پشتیوانیکردن لەکوردستانی سەربەخۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کار و کردەوەکانیان —ئەمریکییەکان- لەسەر ئەرزی واقیع بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەری کورد بوون بۆ کێشەکەیان. ئەوان لەدوای جەنگی کەنداو و لەساڵی ١٩٩١دا هاوکاری کورد بوون بۆ بنیادنانی خۆبەڕێوەبەرییەکەیان —ئۆتۆنۆمی-، هەروەها هاوکارییەکی زیاتریان کردن لە دوای شەڕی عێراقەوە لەساڵی ٢٠٠٣دا. کەواتە دەرئەنجامی ئەم شەڕەی ئێستاو نەخشەی نوێی ناوچەکە بە رادەیەکی گەورە بەندە بەوەی کورد چۆن هەڵسوکەوت دەکات لەسەر ئەرزی واقیع و چۆن کارتەکانی خۆیان بەکار دەهێنن لە بەرامبەر ئەمەریکا و هێزەکانی دیکەدا کە بەشداری لە شەڕەکەدا دەکەن.

*** لە ئێستادا، ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ دەستی پێکردووە، کە هەموو لایەك باس لە تێکشکاندنی داعش و عێراقی دوای کۆتاییهاتنی داعش دەکەن، بەڵام چی روودەدات ئەگەر لە دوای سەرکەوتنە سەربازییەکەوە رێککەوتنێك نەکرێت لەسەر بونیادی حوکمڕانی، یاخود ئەگەر رێککەوتنێکی سیاسی هەمەلایەنە نەکرێت، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم رووەوە دەتوانێت چی بکات و دەبێت چی بکات؟**

**سەرهەڵدان و هەڵكشانی داعش بووە هۆی ئەوەی كورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی بەرچاو بكەون و وەک جەنگاوەری بوێر و هێزێكی گرنگ لە ناوچەكەدا لێیان بڕوانرێت**

**ئەگەر كورد بیەوێت زیاتر بەرەوپێش بچێت و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی گرنگ هەڵبگرێت، ئەوا پێویستیان بە تەبایی، تەبایی، تەبایی هەیە**

**عێراق بۆتە دەوڵەتێكی شكستخواردوو، بۆیە كارێكی ژیرانە دەبێت ئەگەر وەک بەڵگەی دابەشبوونی وڵاتەكە ئەمە قبووڵ بكەین**

- پێش هەموو شتێك، من هیوایەكی زۆر هەڵناچنم لەسەر كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ناوچەكە زۆر ناسەقامگیرەو بۆ ماوەیەكی دووروورێژ بەو ناسەقامگیری دەمێنێتەوە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەم كێشانە بەگرتنەوەی موسڵ چارەسەر ناكرێن، چونكە كێشە بنەڕەتییەكە بریتییە لە دابەشبوونی نێوان شیعەو سوننە. بۆ سەدان ساڵ سوننەكان دەسەڵاتدار و حكومڕانی وڵاتەكە بوون و بە شێوەیەكی كت و پڕ تێكڕای دەسەڵاتەكانیان لە دەستدا و بوونە لایەنی دۆڕاو. لەبەر ئەوە ئەوانەی مەیلی هەڵگێڕانەوەی بارودۆخەكەیان هەیە، بەردەوام پارێزگاری لە گوڕوتینی خۆیان دەكەن بۆ مەودای دوورو ئەوان بەردەوام دەبن لە شەڕكردنیان لەپێناو بەدەستهێنانەوەی ئەوەی لەدەستیان داوە. لەبەر ئەم هۆكارە، ئەوە ئەگەرێكی دوورە كە هێزێكی دەرەكی بتوانێت ئەم كێشە قووڵە چارەسەر بكات و جارێكی دیكە هاوسەنگیی دەسەڵات لە نێوان شیعە و سوننەدا بگۆڕێت.

*** هێشتا، ئۆپەراسیۆنی موسڵ تەواو نەبووە، بەڵام لەئێستاوە ترس و نیگەرانی ئەوە هەیە كە دەستێوەردانی ئیقلیمی لە بارودۆخی ناوخۆیی عێراقدا بكرێت، كەواتە ئەگەر توركیا و ئێران دەستوەربدەنە ناكۆكییە ناوخۆییەكانی عێراقەوە، ئایا پێتوانییە ئەمە زیاتر ئاگری شەڕە تایفەگەرییەكە خۆش بكات لەنێوان شیعە و سوننەدا و جارێكی دیكە دووچاری ئاژاوە و ناسەقامگیری ببێتەوە لە ئایندەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە دەستێوەردانی ئەم هێزانە دابەشبونی نێوان شیعە و سوننە قوڵتر دەكەنەوە، لەگەڵیشیدا شەڕە تایفەگەری و ئیتنییەكە قووڵ دەكەنەوە كە لە عێراق و سووریادا بوونی هەیە. ململانێ فرەلایەنەكان، رەهەندی ئایینی، سیاسی، ئابووری و كەلتووری لەخۆدەگرن. تاوەكو هێزە دەرەكییەكان قووڵتر دەستێوەردان بكەن، ئەوا چارەسەركردنی ئەم كێشانە دژوارتر دەبن.

*** كەواتە دەتوانین بڵێین عێراق لەئایندەدا دووچاری رۆژگارێكی دیكە لەپشێوی و ناسەقامگیری دەبێتەوە؟**

- من فریشتە نیم هەتا پێشبینی بكەم، بەڵام بە تاوتوێكردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع، پێموایە زۆر زەحمەتە ئەم كێشانە چارەسەر بكرێن، هێزە دەرەكییەكان ناتوانن ئەم كێشانە چارەسەربكەن. كەواتە ئەگەر سێ لایەنەكەی عێراق بتوانن كێشەكان چارەسەر بكەن لەلایەن خۆیانەوە، ئەوا دەرفەتی هاتنەئارای هەندێ لە سەقامگیری دروست دەبێت. لە هەر شوێنێكی ئەم جیهانە بڕوانە، لەكوێ ئەمەریكا، یان نەتەوە یەكگرتووەكان توانییان كێشەیەك چارەسەربكەن؟ رەنگە هەوڵیاندابێت، رەنگە كارو كۆششی سەختیان كردبێت و نیازی باشیان هەبووبێت، بەڵام ئەوان ناتوانن ئەم كارە بكەن. كەواتە ئەگەر كورد خوازیارە كێشەكانی چارەسەر بكات، ئەوا دەبێت داوای پشتیوانی بكەن، بەڵام دەبێت بە شێوەیەكی سەرەكی پشت بە ئیرادەی خۆیان ببەستن، رێگای خۆیان بگرنەبەر، پشت بە هێزی خۆیان و بە ئایدیای خۆیان و تێڕوانینی خۆیان ببەستن.

*** ئایا پێتوایە ئێران سوود لە بارودۆخە پڕ لەپشێوییەكەی ناوچەكە وەربگرێت بۆ برەودان بە دەسترۆیشتوویی و پتەوكردنی باڵادەستی خۆی؟**

- بەڵێ، دەقاودەق وایە. ئەو دۆخەی لە ئێستادا ئێمە دەیبینین، بەتایبەتی لە دوای رێككەوتنە ئەتۆمییەكەوە لەگەڵ ئێراندا، ئەوەیە كە لە پرێكدا ئەم وڵاتە بووە هێزێكی ئیقلیمی كە هەوڵدەدات دەسترۆیشتویی خۆی بۆ عێراق و یەمەن و سووریا و شوێنەكانی دیكە درێژ بكاتەوە.

بە تێڕوانینی من رێككەوتنە ئەتۆمییەكە ئاكام و دەرهاویشتەی سلبی هەبووە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو رووەوە كە ئەم رێككەوتنە بۆتەهۆی ئەوەی تاران باڵادەستی بەدەست بێنێت و كردیە هێزێكی هەژمونگەرا لە ناوچەكەدا.

*** ئایا پێتوایە یەكێك لە دەرئەنجامەكانی شەڕی دژ بە داعش بریتی بووە لەهەڵكێشان و هەڵتەكاندنی متمانە لەنێو كوردو شیعەو سوننەدا، بە چەشنێك كە هەڵگرتنی هەنگاوەكانی بنیادنانەوە متمانە لەنێو ئەم پێكهاتانەدا نزیكە لە مەحاڵ و تەنیا رێگە بریتییە لە دابەشبوونی ئەم وڵاتە؟**

- كێشە ناوخۆییەكانیان سەدان ساڵە لەئارادان و ململانێی شیعەو سوننە لەسەدەی حەوتدا دەستی پێكردو ئەم ململانێیە چەندین هەوراز و نشێوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام شیعەكان كوژرانی حوسێن لە كەربەلا لەبیر ناكەن، سوننەكانیش بەئاسانی ئەوە لەیاد ناكەن كە لە دەسەڵات دوورخرانەوە. لەوەش زیاتر، تێوەگلانی ئێرانییەكان دەبێتەهۆی ئەوەی دابەشبوونی نێوان ئەم دوو پێكهاتەیە قووڵتر ببێتەوە. ئێران پەرە بە دەسترۆیشتویی خۆی دەدات لە ناوچەكەدا، بەتایبەتی لەعێراقدا، بەلای كەمەوە لەئێستادا ئێرانییەكان دەسترۆیشتوون لەسامەڕا و نەجەف و كەربەلا. ئەمە خەونی ئەوان بوو، ئێستاش دەتوانن بڵێن كە لەم چەند ساڵە كەمەی دواییدا ئەم خەونەیان هێنایەدی. ئەوەی پێوەندی بە كوردەوە هەبێت، ئەوان هەر لە سەرەتاوە تەحەددای یەكپارچەیی خاكی عێراقیان كردووەو ئێستا ئەوان بۆ خۆیان بۆتە نیمچە دەوڵەت. بەو پێیە، دەتوانین مشتومڕی ئەوە بكەین كە عێراق

بۆتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو، بۆیە کارێکی ژیرانە دەبێت ئەگەر وەك بەڵگەی دابەشبوونی وڵاتەکە ئەمە قبووڵ بکەین.

*** ئایا ئەگەرەکانی بوونی کوردستان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە لە رووی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدابنرێت، چین لە دوای تێکشکاندنی داعش، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان بۆتە هێزێکی بەتواناو کارا لەدژی داعش و دەتوانێت لەدوای تێکشکاندنی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییەشەوە سەقامگیری خۆی بپارێزێت؟**

- سەرهەڵدان و هەڵکشانی داعش کاریگەری دژبەیەکی لێکەوتۆتەوە لەسەر کورد، لەلایەکەوە بۆتەهۆی ئەوەی کورد بتوانێت ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کۆنترۆڵ بکات، لە هەمووشیان گرنگتر شاری کەرکووکە کە بە نەوت دەوڵەمەندە. هەروەها بووە هۆی ئەوەی کورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی بەرچاو بکەون و وەك جەنگاوەری بوێر و هێزێکی گرنگ لە ناوچەکەدا لێیان بڕوانرێت. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی پێوەندی بە ئاستی ناوخۆییەوە هەبێت، ئەوەی جێی داخە کە چەندین قەیران لەسەر ئاستی ئابووری و سۆسیۆ-ئابووری لەئارادان، هەروەها لەپێوەندی بە تەبایی ناوخۆیی کۆمەڵگەو هەستیاری نێوان بارزانی و تاڵەبانی و گۆڕان و.. هتد. لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من خاڵی سەرەکی ئەوەیە چۆن کورد تەبایی بگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵگە و بۆ قەوارە سیاسییەکەیان، چونکە ئەگەر تەبایی نەبێت، ئەوا ئەگەری هێنانەئارای دەوڵەتیش مومکین نابێت. چونکە ئەگەر تەنانەت کورد دەوڵەتیش دابمەزرێنێت، بەڵام نەتوانێت تەبایی بەدی بێنێت، ئەوا رەنگە وەك سودانی باشووری لێ بێت، کە بۆتە دەوڵەت بەڵام بە دەست شەڕی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت. کەواتە ئەگەر کورد یەکگرتوو بێت، ئەوا دەتوانێت پشتیوانی بەدەست بێنێت- ئەگەرچی لە ئێستادا ئەمەریکا و هێزەکانی دیکە پابەندن بە یەکپارچەیی و یەکگرتوویی عێراقەوە کە بەدڵنیاییەوە ئەم یەکگرتوویی و یەکپارچەییەش لەئارادا نییە. کەواتە، ئەگەر کورد بیەوێت زیاتر بەرەوپێش بچێت و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی گرنگ هەڵبگرێت، ئەوا پێویستیان بە تەبایی، تەبایی، تەبایی هەیە.

*** بۆچوونی ئێوە چییە لەبارەی دوایین لێدوانی نوری ئەلمالیکی، جێگری سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، کە کوردو سەرۆك بارزانی تۆمەتبارکرد بەوەی ئیستیغلالی بارودۆخی عێراقیان کردووە؟**

- من ئەو لێدوانەم نەبیستووە، بەڵام هەموو ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئەمە بەشێکە لە ململانێی دەسەڵات لە نێوان مالیکی و عەبادیدا. وا پێدەچێت عەبادی کراوەتر بێت لە ئاست پرسی خۆبەڕێوەبەری کورددا، لە کاتێکدا مالیکی سەرسەختانە دژی ئەمەیە. بە پشتیوانی ئێران، مالیکی دەیەوێت یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گۆڕان بەکار بهێنێت بۆ لێکترازاندنی زیاتری بەرەی کورد، کە بەم شێوەیەش دەیەوێت پلانی سەربەخۆیی لەبار ببات.

*** دوایین پرسیارمان ئەوەیە کە ئایندەی شاری موسڵ چی دەبێت، پێتوایە ئەم شارە دابەش دەبێت، یاخود هاوشێوەی هەرێمی کوردستان دەبێتە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر؟**

- نەخێر، پێموانییە دەبێتە خاوەن هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر، لەبەر ئەوەی سوننە ئەوەندە بەهێز نابێت بۆ ئەوەی هەرێمێکی بەڕێوەبەری هاوشێوەی کورد بنیاد بنێت، هەروەها شیعەش رێگەیان پێنادەن کە کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدەن. هەروەها پێموانییە ئەم ناوچەیەش سەقامگیری بەخۆوە ببینێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر داعشیش لەناوبچێت، ئەوا هێزێکی توندڕەوترو بە ناوێکی جیاوازەوە جێی دەگرێتەوە. چونکە لە سەرەتادا ئەلقاعیدە بوونی هەبوو، لە ئێستاشدا هێزێکی توندڕەوتر پەیدا بووە کە بریتییە لە داعش، رەنگە لە دوای نەمانی داعش هێزێکی توندڕەوتر دروست بێت، لەبەر ئەوە کێشە بنەڕەتییەکە هەر دەمێنێتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی تۆڵەسەندنەوە بەشێکی جیانەکراوەو دانەبڕاوە لەم بەشەی جیهانەدا، رەنگە تەنیا لەم بەشەی جیهاندا نەبێت، بەڵام بەتایبەتی لەم بەشەدا. کەواتە تۆڵەکردنەوە کە ئەوەی بە عەرەبی پێی دەڵێن (الثأر) رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەوەی روودەدات، شیعەکان تۆڵەی ئەو سەدان ساڵە دەکەنەوە کە لەسەر دەستی سوننەکان دووچاری سەرکوتکاری هاتن، بە هەمان شێوە، سوننەکانیش لە هەمان دۆخدان، هەروەها لەبەر ئەوەی دەوڵەتە دراوسێکەی عێراق –سووریا- بە هیچ شێوەیەك سەقامگیر نییە، ئەوا رەنگە ئەمەش کاریگەری ناسەقامگیرکەری لەسەر عێراق لێبکەوێتەوە. هەموو جارێك ئێمە ئەم حاڵەتەمان بەدی کردووە، کە بینیمان هەر لەسەرەتاوە ئەسەد پشتیوانی ئەلقاعیدەی لە سووریا کرد، دواتر ئەلقاعیدە بەرەو عێراق گەڕایەوەو دواتر لە عێراقەوە بۆ سووریا گەڕایەوە و دیسان بەپێچەوانەوە، لەئێستاشدا سنوورەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە تێکەڵ و پێکەڵ بوون، دەوڵەتە نەتەوەییەکانیش لاوازن، کاراکتەر نادەوڵەتییەکانیش بەهێز بوون، هەموو ئەوانە رێگری دەکەن لەچارەسەرکردنی ئەم ناوچە پڕلەپشێوییە، ئیدی بە چاوپۆشین لەوەی موسڵ رزگار دەکرێت، یان نا.


**لەئێستادا ئێرانییەکان لەسامەڕا و نەجەف و کەربەلا دەستڕۆیشتوون، ئەمەش خەونی ئەوان بووەو ئێستا دەتوانن بڵێن کە لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا ئەم خەونەیان هێنایەدی**

**ئەگەر کورد خوازیارە کێشەکانی چارەسەر بکات، ئەوا دەبێت داوای پشتیوانی بکەن، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئیرادەی خۆیان ببەستن**

**کێشەکانە بەگرتنەوەی موسڵ چارەسەر ناکرێن، چونکە کێشە بنەڕەتییەکە بریتییە لەدابەشبوونی نێوان شیعەو سوننە. بۆ سەدان ساڵ سوننەکان دەسەڵاتدار و حکومڕانی وڵاتەکە بوون و بە شێوەیەکی کتوپڕ تێکڕای دەسەڵاتەکانیان لە دەستدا و بوونە لایەنی دۆڕاو**

# بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا...

## هەڵبژاردنی یەکەمین سەرۆکی ڕەشپێست لەئەمریکا؛ پشتکردنە مێژووییەک لەڕەگەزپەرستی*



عەبدولڕەزاق عەلی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

● **دەستپێك:**

چەند ڕۆژێك پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا (٤ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ کە بۆ یەکەمین جار سەرۆکێکی ڕەشپێستی بە نەژاد ئەفریقایی بەسەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا)، منداڵێکی سپیپێستی جوان و ژیکەڵەی نیشتەجێی گوندێکی نزیك کالیفۆڕنیا لەقوتابخانەوە دەگەڕایەوە ماڵێ و لەبەر خۆیەوە هەر ئەو قسەیەی دەگوتەوە کە لەیەکێك لە هاوپۆلەکانی گوێی لێ ببوو: «ڕۆزە دانیشت، بۆیە مارتن توانی بڕوات، باراکیش دەتوانێ ڕابکات، ئێمەش دەتوانین بفڕین».

دەتوانرێ تەواوی مێژووی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا تا گەیشتنی بە سەرۆکایەتیی باراك ئۆباماو تا ئەمڕۆ لەم وتە جوان و کورتەی ئەم منداڵەدا کورت بکرێتەوە. هەروەها کاروانی ئەو بزووتنەوەیە کورت دەکاتەوە کە ڕێڕەوی یاساو کۆمەڵگەی ئەمریکای لە ماوەی ٤٤ ساڵدا گۆڕی. ئەو ڕۆژەی ڕۆزە بارکس ڕازی نەبوو بچێتە کورسییەکانی پشتەوەو کورسییەکی خۆی بۆ سپیپێستێك چۆڵ بکات، لەیەکێك لەو پاسانەدا کە کورسیی سپیپێست و ڕەشپێستەکانی تێدا جیا کرابووەوە لە شاری مۆنتگۆمری لە ویلایەتی ئەلاباما.

ئەو هەڵسوکەوتە پڕ تەحەدییەی ڕۆزە بارکس لە ساڵی ١٩٥٥ دا، ئەو بڵێسەیە بوو کە مەشخەڵی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی لە ئەمریکا هەڵگیرساند و زەمینەی سازکرد بۆ خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٦٣ کە لەوێدا سەرکردەی بزووتنەوەکە «مارتن لوسەر کینگ» وتارە بەناوبانگەکەی «خەونێکم هەیە»ی خوێندەوە. هەر دەستکەوتەکانی ئەو بزووتنەوەیەش بوو لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ دا باراك ئۆبامای گەیاندە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئۆبامای سیناتۆری ویلایەتی ئەلینۆی کە کوڕی قوتابییەکی کینیایی و دایکێکی سپیپێستی دانیشتووی کەنساسە، یەکەمین سەرۆکی ئەمریکای بەڕەگەز ئەفریقاییە. ئۆباما لەوڵاتێکدا بووە کەسی یەکەم کە ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر کۆتایی بەیاسای «کۆیلایەتی» هێناوە، کەچی تا دەوروبەری پەنجا ساڵ لەمەوبەر، ژمارەیەك لە ویلایەتەکانی کاریان بە یاساکانی جیاوازیی ڕەگەزیی دەکرد.

دەربارەی چرکەساتی سوێندخواردنی باراك ئۆباما وەك سەرۆکی ئەمریکا ڕۆژی ٢٠ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ بەرانبەر پەیکەرەکەی لینکۆڵن، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی تێرنسی سامۆئیل لەماڵپەڕی «زە ڕۆت.کۆم»دا کە ماڵپەڕێکە دەربڕی بۆچوونی ڕێکخراوەکانی ڕەشپێستەکانە لە ئەمریکا نووسیویەتی: «هێزی ئەم چرکەساتە مەودایەکی زۆر دوورترە لەمەسەلەی ڕەشپێستەکان». سامۆئیل لەسەری دەڕوا و دەڵێ: «یەکێك لە ڕاسترین حاڵەتەکان لە مەسەلەی

باراك ئۆبامادا ئەوەیە كە ئەو چیرۆكە تەنیا لە ئەمریكادا مومكینە. سەركەوتنیشی تەڵاقدانی ڕابردوویەكی زۆر قێزەونەو جۆرێكیشە لە داوای لێبووردن سەبارەت بە مێژووی دوورودرێژ و پڕگوناهی جیاوازیی ڕەگەزی. بە كورتی ئەوە حیكایەتێكی ئەمریكاییەو ئەمریكاش بەوە جیاوازە».

لەڕووی مێژوویی و هۆكاری مێژووییەوە، جیاوازیی ڕەگەزی كە بەرامبەر ئەمریكاییە ڕەشپێستەكان بەڕەگەز ئەفریقیایی دەكرا، هۆكاری ئەو بزووتنەوەیە بوو كە ئێمە ئێستا دیراسەتی دەكەین و بە «بزووتنەوەی مافە مەدەنییەكان لە ئەمریكا» ناسراوە.

یەكەمین نەوەی ئەفریقیاییەكان هەر چەند ساڵێكی كەم دوای جێگیربوونی ئینگلیزەكان لەساڵی ١٦٠٧ دا لەڤێرجینیا، بە چوارپەلی بە زنجیر بەستراوەوە گەیشتنە ئەمریكا. هەر دوای گەیشتنیان، كۆیلایەتی وردەوردە خرایە چوارچێوەیەكی دامەزراوەیی و بووە یەك لەپایە سەرەكییەكانی ئابووریی ئەمریكا، بەتایبەتی لە ویلایەتەكانی باشوور كە كشتوكاڵ كەرتی هەرە سەرەكی بوو.

پاش ئەوەی كە ١٣ ویلایەتەكەی باكوور لە دەست دەسەڵاتی ئینگلیز ڕزگارو سەربەخۆ بوون و لەساڵی١٧٨٧ دەستووریی ئەمریكا نووسرایەوە، ئەو دەستووره نەیتوانی هاوسەنگیی و یەكێتییەكی تۆكمە لەنێوان باكوورێكی ئازادو باشوورێك كە كۆیلایەتی تێدا بەرقەرار بوو، دروست بكات و مەسەلەی كۆیلایەتی وا چارەسەر كرد كە بووە هۆی ناكۆكی و شەڕ. دواجار بەسەركەوتنی ویلایەتەكانی باكوور لە شەڕی نێوخۆی ئەمریكادا ساڵی ١٨٦٥ لەسەردەمی سەرۆك ئەبراهام لینكۆڵندا، كۆیلایەتی وەك یاساو ڕێسا كۆتایی پێهات و زیاتر لە٤ ملیۆن كۆیلە ئازادكران كە دەیكردە دەیەكی ژمارەی دانیشتووانی ئەوكاتەی ئەمریكا.

بەڵام نەمانی كۆیلایەتی وەك یاساو ڕێسا، جیاوازیی ڕەگەزیی بەرامبەر ڕەشپێستەكان كۆتایی پێ نەهێنا. ڕەشپێستەكان گیریان خواردبوو بەدەست نەخوێندن و نەبوونی دەرفەتی ئابووریی و جیاوازیی و نەبوونی دەرفەتی بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا.

بەردەوامبوونی جیاوازیی ڕەگەزی هاووڵاتیانی ڕەشپێستی بەچەوساوەیی و بێدەرفەتی و بێ ژیانێكی ئینسانانە هێشتبووەوە، تا ئەو ناڕەزایی و بێزاریی و بەگژداچوونەوەیەی لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا لای ڕەشپێستەكان وردەوردە فراوان دەبووەوە، ئەوەبوو لە ناوەڕاستی سەدەدا و دروست لە تەحەددا بەناوبانگەكەی «ڕۆزە باركس»ەوە بزووتنەوەیەكی ڕێكخراوی مەدەنی لە ئەمریكا پەرەی سەند كە «مارتن لۆسەر كینگ»ی قەشەی گەنج و ڕەشپێستی ئەمریكایی سەركردایەتی كرد، تا ئەو بزووتنەوەیە گەورەترین سەركەوتنی بەدەست هێناو ڕەشپێستەكان مافی وەرگرتنی خزمەتگوزاری گشتی و دەنگدانیان پێ درا. مافی دەنگدان كە ساڵی ١٩٦٥ دەرچوو، گوللەی بەزەیی بوو بۆ یاساو ڕێساكانی جیاوازیی ڕەگەزیی. بەڵام مانەوەی ڕۆحییەتی تۆڵەسەندنەوە لای زیانمەندانی مافی ئینسانیانەی ڕەشپێستەكان، دواجار ساڵی ١٩٦٨، سەری سەركردەو پاڵەوانی مافە مەدەنییەكان لە ئەمریكا، «مارتن لوسەر كینگ»ی خوارد و تیرۆریان كرد.

## ● یاسای مافە مەدەنییەكان ١٩٦٤

حكومەتی سەرۆك كێنێدی پرۆژە یاسایەكی پێشكەشی كۆنگرێس كرد، تا پەسەندی بكات، بەڵام ئەوەبوو هەمان ساڵ پاش ماوەیەك لەو هەڵوێستانەی، كێنێدی كوژرا، بەڵام سەرۆك جۆنسۆن كە دوای ئەو بووە سەرۆكی ئەمریكا ڕایگەیاند، پابەندە بە دەرچوواندنی ئەو یاسایەوە، ئەوەبوو یاساكە پێش هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی كە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤ دا ساز درا، كۆنگرێس یاساكەی پەسەندكرد.

یاساكە زۆربەی كێشەكانی ڕەشپێستانی چارەسەر دەكرد، لەپێش هەموویانەوە مافی دەنگدان و نایەكسانی لەنێوان ڕەشپێست و سپیپێستدا لەكاتی چوونە سەنتەرەكانی دەنگدان، هەروەها جیاوازیی لەخزمەتگوزاریی گشتیی و لەنێو قوتابخانەكاندا، هەروەها یاساكە داوای دانانی لیژنەیەكی باڵای فیدراڵی مافە مەدەنییەكانی كرد، دانیش دەنێت بە یەكسانیی لە كاركردندا و...هتد.

ڕەشپێستەكانی ئەمریكا بەخۆشحاڵییەكی زۆرەوە پێشوازیان لەم یاسایە كردو بەشدارییان لەهەڵبژاردنەكانی ١٩٦٤ دا كرد، بەڵام ئەڵبەت بە ڕۆیشتنی ڕۆژگار و لە ژیانی كردەنیدا دەركەوت هەموو شتێك یاسا نییە، یاساكەش نەیتوانیوە هەموو جیاوازییە ڕەگەزییەكان چارەسەر بكات. هەروەها هەندێك ویلایەتی باشوور یاساكەیان

**جیاوازیی ڕەگەزیی مەسەلەیەكە پەیوەستە بە دەروونی ئینسانەوە، پێش دەقە یاساییەكان، بۆیە كەس ناتوانێ بەتەواوی لە دەروونی ئینسانەكانی دەربكات، بەڵام بەدڵنیاییشەوە «مارتن لوسەر كینگ»و بزووتنەوەكەی خاوەنی ڕۆڵی هەرە گەورە بوون لە نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزیی لە دەقە یاساییەكان و ڕێگرتن لە بەیاساییكردنی**

**ئەگەرچی ئێستاش ڕەخنەگرانی ئایدیۆلۆجی لە سیستمی كۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریكا دەیان پەیڕەوی ڕۆژانە دەهێننەوە، وەك نموونە لەسەر مانەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی لەئەمریكا، بەڵام ئەوەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەكانی ئەمریكا بە سەركردایەتی «مارتن لوسەر كینگ» ئەنجامی دا، نەك هەر بۆ ئەمریكا و ئەمریكاییەكان، بەڵكو بۆ هەموو ئینسانییەت وەرچەرخانێكی مەزن بوو**

وەك پێویست جێبەجێ نەدەکرد، ئەمەش دیسان بووە هۆکاری پشێوی. ناچار سەرۆك جۆنسۆن داوای لە کۆنگرێس کرد، یاسایەك دەربچووێنن کە دەفتەر و لیستی نوێ بۆ دەنگدەران دروست بکرێتەوە، تا ئەو جیاوازییەی لە باشوور ماوە بە یەکجاری بنبڕ بکرێت، تا ڕەشپێستەکان بتوانن دەنگی خۆیان بدەن، بەتایبەتی لەهەندێك ویلایەتدا زۆر بوون و دەیانتوانی کاریگەریی بەرچاو لەئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەن.

**● مارتن لوسەر کینگ**

بەر لەوەی چەند ڕستەیەك لە وتارە هەرە بەناوبانگەکەی مارتن لوسەر کینگ «خەونێکم هەیە» بخەینە ڕوو، وا پێویست دەکات وێستگە هەرە گرینگەکانی ژیانی ئەو پیاوە بخەینەڕوو کە بووە سیمبوڵ و سەرکردەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکاو هەر لەو پێناوەشدا سەری خۆی دانا.

جگە لە سەرکردایەتی چالاکییەکانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان هەر لە بەرپابوونییەوە لەساڵی ١٩٥٥ دا تا سەردانی هیندستان ساڵی١٩٥٩بۆ پەندوەرگرتن لەئەزموونی خەباتی ئاشتییانەو ناتوندوتیژی «گاندی» سەرکردەی هیندی و تا وتارە بەناوبانگەکەی و تا دەرچوونی یاسای مافە مەدەنییەکان تا وەرگرتنی نۆبڵی ئاشتی ١٩٦٤ و کوژرانی سەرۆك «جۆن کێنێدی» و بێهیوابوونەوەی ڕەشپێستەکان لەمافە مەدەنییەکانیان، «مارتن لوسەر کینگ» لەسەر خەباتی خۆی بە دژی جیاوازی و مافی چینە هەژارەکانی خەڵك و کرێکاران و پشتیوانی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کاندیدە ڕەشپێستەکانی ویلایەتە جیاجیاکان و یەك لەهەڵسوڕاوە هەرە چالاکەکانی دژی شەڕی ڤێتنام بوو(١٩٦٧)، لەو پێناوەشدا دەیان جار گیراو لە زیندانەدا مایەوەو غەرامە دەکراو تەنانەت لەو ڕۆژگارەدا کە شەڕی سارد لەوپەڕیدا بوو، «کینگ» بە کۆمۆنیست تۆمەتبار دەکراو کۆمۆنیستبوونیش لەو ساڵانەی ڕکابەری نێوان ئەمریکا و سۆڤێتدا، نەك تۆمەتێکی ئاسایی، بگرە تا ئاستی خیانەت دەچوو، بەڵام «کینگ» هەر کۆڵی نەدا تا لە٤ نیسانی١٩٦٨ دا لە کاتێکدا وتاری لە خۆپێشاندانی کرێکارانی پاککردنەوەی شاری مامفێسدا دەخوێندەوە، سێرەگرێك (قناص) تەقەی لێکردو پاش چەند سەعاتێك گیانی لەدەست دا، بەوەش کۆتایی بە ژیانی ئینسانێك هات کە پڕ بوو لە کۆشان و خەبات لە پێناوی مافە مەدەنییەکاندا.

**● خەونێکم هەیە «I have a dream»**

ئەڵبەت ئەو وتارە مێژووییەی «مارتن لوسەر کینگ» لە گردبوونەوەی مەزنی ٢٨ی ئابی ١٩٦٣ دا لەبەردەم دووسەدوپەنجا هەزار کەسداو بەرامبەر پەیکەرەکەی سەرۆك ئەبراهام لینکۆڵن بەناوی «خەونێکم هەیە» خوێندیەوە، وتارەکە دوورو درێژەو لێرەدا چەند بەش و ڕستەیەکی لێ وەردەگرین:

پێش دەیان ساڵ ئەمریکاییەکی مەزن ئەو کەسەی ئێستا لە سایەی پەیکەرەکەیدا وەستاوین، بڕیاری ئازادکردنی زنجییەکانی ڕاگەیاند، ئەم بڕیارە گرینگەی کە هیوای بەخشییە ملیۆنان زنجی ڕەشپێستی کۆیلە کە بەدەست زوڵمەوە دەیانناڵاندو دەسووتان، وەك هەڵاتنی بەرەبەیان بوو کە کۆتایی بە ساڵانێکی دووردرێژ لەدیلی هێنا، بەڵام. پاش سەدساڵ لەو ڕاگەیاندنە، پێویستە ڕووبەڕووی حەقیقەتێکی کارەساتاوی ببینەوە: ڕەشپێستەکان ئازاد نین.

پاش سەدساڵ ژیانی ڕەشپێستەکان هێشتا ئیفلیجی دەستی پەراوێزخستن و زنجیری جیاوازیی ڕەگەزیین.

پاش سەد ساڵ تا ئێستا زنجییەکان لە دوورگەیەکی تا بڵێی هەژاریدا دەژین لەنێوەندی پانتاییەکی فراوانی خۆشگوزەرانیی ئابووریدا.

ئێمە ئەمڕۆ بۆ ئەوە لێرەین تا مافی خۆمان وەرگرین.

ئەو مافەی سامانی ئازادیی و گرەنتی عەدالەتمان پێ دەبەخشێت.

پێویستە نیشتمانەکەمان لەگێژاوی لمی زوڵمداری بەرزکەینەوە بۆ تاشەبەردی توندوتۆڵی برایەتی.

بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان نابێ بکەوینە هەڵەوە خراپ ڕەفتار بکەین، نابێ تینوێتیمان بۆ ئازادیی بەخواردنەوەی جامی دڵڕەقی و کینە بێت.

دەزانم زۆرتان لە شوێنێك و ڕەوشێکی واوە هاتوون هیچ هیوایەکتان بە ژیان نەماوە. بەڵام کار بکەن، باوەڕتان بەوە هەبێت کە ژان چەشتن ڕێگەی سەربەستییە.

هاوڕێیانم پێتان دەڵێم: سەرەڕای ئاستەنگەکان، شکستەکان، هەر خەونێکم هەیە..

خەونێك کە لە بنەڕەتدا خەونێکی ئەمریکاییانەیە.

**لەم ساڵانەی دواییدا کارمەندانی ڕادیۆی «سەرتاسەری هیندستان» تۆمارێکی بزربووی دکتۆر «مارتن لوسەر کینگ»یان دۆزیوەتەوە کە پێش ڕۆژێك لەبەجێهێشتنی هیندستان تۆمارکراوە تێیدا دەڵێ: «گاندی پرەنسیپگەلێکی جیهانی دیاریکراوی تێدا چاندم کە لە بونیادی ئەخلاقییانەی گەردووندا دەستاودەست ماونەتەوە**

**کینگ لە ژیاننامەکەیدا دەڵێ: «گاندی ڕێپیشاندەرمان بوو لە شێوازی ئاشتییانەماندا بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی. ڕێنوێنمان بوو لە هەڵمەتی سوارنەبوونی پاسەکانی شاری مۆنتگومریدا ساڵی ١٩٥٥ لەو شارەی وەک یەکەمین شار کۆتایی بە جیاکاریی ڕەشپێست و سپیپێستەکان هێنا لەنێو پاسەکانیدا**

**مانەوەی ڕۆحییەتی تۆڵەسەندنەوە لای زیانمەندانی مافی ئینسانیانەی ڕەشپێستەکان، دواجار ساڵی ١٩٦٨، سەری سەرکردەو پاڵەوانی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکا، «مارتن لوسەر کینگ»ی خوارد و تیرۆریان کرد**

خەونێکم هەیە کە ڕۆژێك لەڕۆژان، ئەم نەتەوەیە بەگوێرەی مانای ڕاستەقینەی بیروباوەڕەکەی بژی: باوەڕمان بەو حەقیقەتە هەیە: هەموو مرۆڤەکان یەکسانن..

## ● کینگ و فەلسەفەی ناتوندوتیژیی

«بەڕاستی خۆش بوو کە سەردانی وڵاتی گاندیم کرد» ئەم ڕستەیە لە نووسینی قەشە «مارتن لوسەر کینگ»ـەو پاش چەند مانگێك لە سەردانی هیندستان. «کینگ» نووسیوێتی: «هیندستانم بەجێهێشت و من ئێستا لە هەموو کات زیاتر لەو بڕوایەدام کە موقاوەمەی ئاشتییانە بەهێزترین چەکی دەستی گەلانی ژێردەستەیە لە خەباتیاندا لە پێناو ئازادیدا».

کینگ لە ژیاننامەکەیدا دەڵێ: «گاندی ڕێپیشاندەرمان بوو لە شێوازی ئاشتییانەماندا بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی. ڕێنوێنمان بوو لە هەڵمەتی سوارنەبوونی پاسەکانی شاری مۆنتگومریدا ساڵی ١٩٥٥ لەو شارەی وەك یەکەمین شار کۆتایی بە جیاکاریی ڕەشپێست و سپیپێستەکان هێنا لەنێو پاسەکانیدا. بە کورتی؛ گاندی و پرنسیپەکانی، بەدرێژایی ساڵانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان ڕێنوێنمان بوو.

«کینگ» بەو سەردانەی دەیویست لە نزیکەوە ئەنجامەکانی خەباتی ئاشتییانەی «گاندی» ببینێت بۆ کۆتاییهێنان بە حوکمی بەریتانییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هیندییەکان. «کینگ» لەگەڵ «کۆریتا»ی هاوسەری لە ٩ی شوباتی ١٩٥٩دا گەیشتنە هیندستان لەسەر داوەتی سەرۆك وەزیرانی ئەوکات جەواهیر لال نەهرۆ.

لەو سەردانەدا «کینگ» ڕای گەیاند ئەو «فەلسەفەی ناتوندوتیژیی»ـەی «گاندی» بانگەشەی بۆ دەکردو پەیڕەوی دەکرد، تەنیا ڕێگەی ڕاست و لۆجیکییە بۆ چارەسەری کێشەی ڕەگەزپەرستی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لەم ساڵانەی دواییدا کارمەندانی ڕادیۆی «سەرتاسەری هیندستان» تۆمارێکی بزربووی دکتۆر «مارتن لوسەر کینگ»یان دۆزیوەتەوە کە پێش ڕۆژێك لەبەجێهێشتنی هیندستان تۆمارکراوەو تێیدا دەڵێ: «گاندی پرنسیپگەلێکی جیهانی دیاریکراوی تێدا چاندم کە لە بونیادی ئەخلاقییانەی گەردووندا دەستاودەست ماونەتەوە، ئەو پرنسیپانە، ناتوانرێ نکوڵییان لێ بکرێت، یان لێیان ڕابکەین، هەروەك یاسای کێشی زەوی»....«کینگ» لە ژیاننامەکەیدا نووسیوێتی: «گەڕامەوە ئەمریکا و من زیاتر سوورم لەسەر بەدەستهێنانی ئازادی بۆ گەلەکەم بە شێوازی ناتوندوتیژو ئاشتییانە، دەرەنجامی سەردانەکەم بۆ هیندستان ئەوەبوو کە زیاتر دەرکم بە شێوازی ناتوندوتیژی کردو پابەندبوونم بەو شێوازەوە تۆکمەتر بوو».

## ● کۆتایی

ئەگەرچی ئێستاش ڕەخنەگرانی ئایدیۆلۆجی لە سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا دەیان پەیڕەوی ڕۆژانە دەهێننەوە، وەك نموونە لەسەر مانەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی لەئەمریکا، بەڵام ئەوەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا بە سەرکردایەتی «مارتن لوسەر کینگ» ئەنجامی دا، نەك هەر بۆ ئەمریکا و ئەمریکاییەکان، بەڵکو بۆ هەموو ئینسانییەت وەرچەرخانێکی مەزن بوو.

هەر بۆیە ئێستاش ساڵانە لە ئەمریکا یادی «کینگ» دەکرێتەوەو گەورە بەرپرسانی وڵات و خەڵك بەوپەڕی ستایشەوە ڕێز لەو یادە دەگرن.

هەڵبژاردنی باراك ئۆبامای ڕەگەز ئەفریقایی بەلای زۆربەی جیهانەوە، کۆتاییەکی کردەنیی لاپەڕە ناخۆشەکانی سەدان ساڵ کۆیلایەتی و جیاکاریی ڕەگەزیی بوو.

ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەمی٢٠٠٩، واتە؛ شەوی پێش سوێندخواردنی ئۆباما وەك سەرۆکی ئەمریکا، ئۆباما یادی «کینگ»ی کردەوەو بەڵێنی دا کە ئەو وەك یەکەمین سەرۆکی ڕەشپێستی ئەمریکا، «خەونە ئەمریکاییەکە» نوێ بکاتەوە.

بەدڵنیاییەوە جیاوازیی ڕەگەزیی مەسەلەیەکە پەیوەستە بە دەروونی ئینسانەوە، پێش دەقە یاساییەکان، بۆیە کەس ناتوانێ بەتەواوی لە دەروونی ئینسانەکانی دەربکات، بەڵام بەدڵنیاییشەوە «مارتن لوسەر کینگ»و بزووتنەوەکەی خاوەنی ڕۆڵی هەرە گەورە بوون لە نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزیی لە دەقە یاساییەکان و ڕێگرتن لە بەیاساییکردنی.

***

**ئەم بابەتە کورتکراوەی دیراسەیەکە لە بارەی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا، تەواوی دیراسەکە لە ماڵپەڕی گوڵان بڵاو کراوەتەوە.**

**لە ناوەڕاستی سەدەدا و دروست لە تەحەددا بەناوبانگەکەی «ڕۆزە بارکس»ـەوە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی مەدەنی لە ئەمریکا پەرەی سەند کە «مارتن لۆسەر کینگ»ی قەشەی گەنج و ڕەشپێستی ئەمریکایی سەرکردایەتی کرد، تا ئەو بزووتنەوەیە گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێناو ڕەشپێستەکان مافی وەرگرتنی خزمەتگوزاری گشتی و دەنگدانیان پێ درا**

**یەکەمین نەوەی ئەفریقاییەکان هەر چەند ساڵێکی کەم دوای جێگیربوونی ئینگلیزەکان لەساڵی ١٦٠٧ دا لەڤێرجینیا، بە چوارپەلی بە زنجیر بەستراوەوە گەیشتنە ئەمریکا. هەر دوای گەیشتنیان، کۆیلایەتی وردەوردە خرایە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و بووە یەک لە پایە سەرەکییەکانی ئابووریی ئەمریکا، بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی باشوور کە کشتوکاڵ کەرتی هەرە سەرەکی بوو**

**ئۆباما لەوڵاتێکدا بووە کەسی یەکەم کە ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر کۆتایی بەیاسای «کۆیلایەتی» هێناوە، کەچی تا دەوروبەری پەنجا ساڵ لەمەوبەر، ژمارەیەک لە ویلایەتەکانی کاریان بە یاساکانی جیاوازیی ڕەگەزیی دەکرد**



*** هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا دەست پێدەکات، زۆر کەس پێیانوایە لەم هەڵبژاردنانەدا لەوانەیە موفاجەئە رووبدات و ئەوەی راپرسییەکان دەیڵێن وا دەرنەچن، دوای ئەوەی نزیکەی چەند مانگێکە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت، ئایا رەوتی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ چۆن دەخوێنیتەوەو ئایا دەشێت موفاجەئەی تێدا بێت؟**

- هێشتا ئەگەرەکان لە بەرژەوەندی هیلاری کلینتۆندان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان، چونکە بەپێی راپرسییەکان دەرئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنێت، وا پێدەچێت دەنگی ئەوەندە ویلایەت بەدەست بێنێت کە بەس بێت بۆ بردنەوەی ئەوەی پێی دەوترێت "collage electoral". هەرچەندە بۆی هەیە بارودۆخەکە لە هەفتەی داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ئێمە کەلێن و جیاوازییەکی ئەوەندە گەورەمان نەبینیوە لە نێوان کاندیدەکاندا، ماوەیەکی کەمیشی بۆ هەڵبژاردنەکان ماوە، لەبەر ئەوە زۆر رێی تێناچێت کە دۆناڵد ترەمپ جیاوازییەکە تێپەڕێنێت و هەڵبژاردنەکان بباتەوە.

*** پێتوانییە راگەیاندنی ئێف بی ئای بە دۆزینەوەی ئیمەیلی نوێ کە ئەگەری ئەوە هەیە پێوەندی بە هیلاری کلینتۆنەوە هەبێت، هەڵلایەکی گەورە دروست بکات کە کاریگەری گەورەی لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێت؟**

- لە راستیدا لە مانگی تشرینی یەکەمدا هەڵلای زۆر دروست بوو، وەك بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆییەکەی دۆناڵد ترەمپ کە تێیدا قسەی نەشیاو لەبارەی ئافرەتانەوە دەکات، لەگەڵ راگەیاندنەکەی ئەم دواییەی ئێف بیۆ ئای و دەکرێت شتی دیکەش رووبدات. بەڵام باوەڕم وانییە کاریگەرییەکی زۆری لێبکەوێتەوە، لەبەر ئەوە دەنگدەران قەناعەتێکی بەهێزیان بۆ دروست بووە لەبارەی کاندیدەکانەوە، کەواتە لە ئێستادا هەواڵێکی لەو چەشنە نییە کە بەو رێژە زۆرە دەرئەنجامەکان بگۆڕێت.

*** ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئێستا باس لەوە دەکرێت کە رووسیا بەتەواوەتی هاتۆتە**

باری بێردن پرۆفیسۆری زانسته سیاسییەكان بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردنی هیلاری كلینتۆن لە كۆمەڵگەی ئەمەریكیدا رەنگدانەوەی گۆڕانكارییەكی گرنگ دەبێت

**دكتۆر باری بێردن، پرۆفیسۆری زانسته سیاسییەكانه لە زانكۆی ویسكۆنسین، بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی پەیوەست بە هەڵبژاردنەكانەو وانەبێژو توێژەری سیاسەتی ئەمەریكایە، لەگەڵ بایەخدان بە سیاسەتی هەڵبژاردنەكان و پرسی نوێنەرایەتی. بۆ تاوتوێكردن و شیكردنەوەی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكانی ئەمەریكاو پێشبینییەكانی پەیوەست بە دەرئەنجامەكانی ئەو هەڵبژاردنانەوە، گوڵان لەمیانەی دیمانەیەكدا چەند پرسیارێكی ئاراستە كردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

**ناو هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكاو بۆ بەرژەوەندی دۆناڵد ترەمپ كاردەكات، ئایا رووسیا ئەوەندە بەهێز بووە بتوانێت دەست لە كاروباری ناوخۆ و هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمەریكا وەربدات؟**

- شتێكی زۆر نائاساییە كە وڵاتێكی دەرەكی لە هەڵبژاردنەكانەوە تێوەبگلێت، ئیدی یان كۆمێنیتان هەبێت لەبارەی كاندیدەكانەوە، یاخود دەستێوەردان لە تۆماری هەڵبژاردنەكاندا بكەن. پێموایە ئەمە مەسەلەیەكە كە حكومەتی ئەمەریكا بەدواداچوونی بۆ دەكات دوای هەڵبژاردنەكان بە چاوپۆشین لەوەی كێ براوە بووە، چونكە ئەمە مەسەلەیەكی جددییە.

*** رات لەسەر ستایشكردنی پۆتین لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە چییە؟**

- ئەو تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازی هەیە لەبارەی پۆتینەوە، كە جیاوازە لە روانگەی ئیدارەی ئۆباماو رەنگە هیلاری كلینتۆنیش -ئەگەر ببێتە سەرۆك-. بەڕێز ترەمپ لێدوانی جیاواز لەیەكی دەربارەی رووسیا داوەو بەردەوام رەخنەی لێگیراوە لەبارەی ستایشكردنی پۆتینەوە، لە راستیدا ئەو ستایشی سەركردەی دیكەشی كردووە، وەك سەدام حوسێن.

*** بەشی زۆری چاودێران مەزندە دەكەن سەرۆكی داهاتووی ئەمەریكا خانمێك بێت، ئایا بوونی خانمێك بە سەرۆكی ئەمەریكا چ مانایەكی هەیە بۆ گەلی ئەمەریكاو ئایا هیلاری كلینتۆن هیچ جیاوازییەك لە سیاسەتی سەرۆكە پیاوەكانی ئیدارەی ئەمەریكا دروست دەكات؟**

- ئەوە دەبێتە هەنگاوێكی دیارو بەرچاو و رەنگە بەرچاوتر بێت بە بەراورد بە هەڵبژاردنی یەكەم سەرۆكی ئەمەریكی بە رەچەڵەك ئەفریقی و لە راستیدا ئەمە رەنگدانەوەی گۆڕانكارییەكی گرنگ دەبێت لە نێو كۆمەڵگەدا، هەروەها كاریگەرییەكی دەروونی و گرنگیشی دەبێت. واتە بەهایەكی رەمزی زۆری دەبێت.

*** لەسەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا بریتی بوو لە پشتگوێخستنی**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووکردنە ئاسیا، بەڵام دەرکەوت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانێت پشتگوێ بخرێت، ئایا تا چەند ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە جێگەی بایەخی سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکا لە پۆستی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە. لە ڕاستیدا کلینتۆن و ترەمپ ئاماژەیان بەوە کردووە کە زیاتر لە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا کار لەسەر قەیرانی سووریا دەکەن، ڕەنگە کارکردنەکە لە ڕووی سەربازیشەوە بێت، یاخود زیادکردنی هاوکارییەکان بێت بۆ موعارەزە کە لەسەر ئەرزی واقیع شەڕ دەکەن. بەڵام ئایا پرۆسەیەکی ئاشتی و بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخرێتەگەڕ، ئەوا ئەمە ڕوون نییە.

*** دیارە شەڕی داعش یەکێکە لە ڕووداوە گەورەکان، بەم دواییەش ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵی دەست پێکردووە بۆ ڕووخاندنی خەلافەتەکەی داعش، ئایا تا چەند ڕووخاندنی خەلافەتەکەی داعش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی چانسی هیلاری کلینتۆن بۆ سەرکەوتن زیاتر بێت؟**

- من نازانم، پێموایە هەردوو کاندیدەکە، ترەمپ و کلینتۆن نیگەرانن لەبارەی داعشەوە و بە باوەڕی من کار و کۆششی سەختتر دەکەن بە بەراورد بەو کارانەی ئیدارەی ئۆباما تائێستا لە دژی داعش کردوونی. کەواتە دەکرێت داعش هەواڵێك بێت کە کاریگەری لەسەر ڕاپرسییەکان و هەفتەی کۆتایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەبێت.

*** هەموو چاودێران لەسەر ئەوە هاودەنگن کە ئەگەر هیلاری کلینتۆن دەربچێت گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئەمەریکادا ڕوونادات، بەڵام ئەگەر ترەمپ دەربچێت زۆر شت دەگۆڕێت، تەنانەت پێوەندی ئەمەریکا لەگەڵ ناتۆ و ڕووسیاش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرکەوتنی ترەمپ دەبێتە وەرچەرخانێکی گەورە لەسیاسەتی ئەمەریکا و سیستمی جیهانیدا؟**

- پێموایە هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دوچاری گێژاوێك دەکات، لەبەر ئەوەی هەڵوێستەکانی لەئاست چەند پرسێکی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی ریشەیی جیاوازتر دەبن لە هەڵوێستی بەرپرسە هەڵبژێردراوەکانی دیکەی نێو هەردوو پارتەکە. هەروەها بینیمان کە دۆناڵد ترەمپ سەرزەنشت کرا لەلایەن ژمارەیەك لە سەرکردە سەربازییەکان و بەرپرسانی بواری سیاسەتی دەرەوە لە نێو هەردوو پارتەکەوە. دۆناڵد ترەمپ لێدوانی ناکۆك بەیەکی هەبوە لەبارەی بەکارهێنانی چەکی ناوکی و پێوەندی ئەمەریکا بە ناتۆو پێوەندییەکانی ئەمەریکا بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەروەها لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی بازرگانی. لەبەر ئەوە نادڵنیاییەکی زۆر لە ئەمەریکا و لە جیهان دروست دەبێت، ئەگەر دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆك هەڵبژێردرا.


*** بەم دواییە دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ دەکات، ئەگەر هاتوو خۆی براوە بوو، پرسیارەکە ئەوەیە پێشبینی ئەوە دەکەیت کە دۆناڵد ترەمپ دەرئەنجامەکان ڕەتبکاتەوە لە کاتی شکستیداو ئایا ئەگەر ئەو دەرئەنجامانە قبوڵ نەکات، چی ڕوودەدات؟**

- ئێمە هەرگیز نازانین دۆناڵد ترەمپ چی دەکات، ئەو کەسایەتییەکی پێشبینینەکراوەو شانازیش بەم خەسڵەتەوە دەکات و بە خاڵی بەهێزی خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوە نازانم کاردانەوەی چی دەبێت، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بێنێت. ئەگەر بە جیاوازییەکی گەورە بدۆڕێت ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت بۆی کە بانگەشەی ئەوە بکات هەڵبژاردنەکان نادادپەروەرانە بوون، ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان نارەزایی دەرببڕێت، بە هەمان شێوە ڕەنگە هەندێ لە پشتیوانەکانیشی ئەم کارە بکەن، ڕەنگە ئاماژە بە هەندێ کەموکوڕی لە هەڵبژاردنەکاندا بکات بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە شەرعی نین، ئەویش بۆ ئەوەی شەرعییەت نەدرێت بە کلینتۆن کاتێك کۆشکی سپی دەباتەوە. واتە ڕەنگە ئەمە دابڕانێکی گەورە بێت لە مێژووی ئەمەریکا ئەگەر کاندیدی یەکێك لە پارتە سەرەکییەکان ئامادەنەبێت دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکات، چونکە پێشتر ئێمە دووچاری حاڵەتێکی لەم چەشنە نەبووینەتەوە.

**دابڕانێکی گەورە لەمێژووی ئەمەریکا دروست دەبێت ئەگەر کاندیدی یەکێک لە پارتە سەرەکییەکان ئامادەنەبێت دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکات**

**ترەمپ و کلینتۆن نیگەرانن لەبارەی داعشەوە بە باوەڕی من کار و کۆششی سەختتر دەکەن بە بەراورد بەو کارانەی ئیدارەی ئۆباما تائێستا لە دژی داعش کردوونی**

**کلینتۆن و ترەمپ ئاماژەیان بەوە کردووە کە زیاتر لە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا کار لەسەر قەیرانی سووریا دەکەن، ڕەنگە کارکردنەکە لە ڕووی سەربازیشەوە بێت**



دەنیس هەیل، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسی کە لە زانکۆی نیویۆرك بەدەستی هێناوە، لە ئێستادا پڕۆفیسۆری هەمان بوارە لە کۆلێژی بۆستن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك فیکری سیاسیی ئەمەریکی و سیاسەتی هاوچەرخ و ئەزموونی هاوچەرخی هاووڵاتیبوون. بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکاو بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر پێشبینییەکانی پەیوەست بەو هەڵبژاردنانەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

### دەنیس هەیل تایبەتمەند لە فیکری سیاسیی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# هەتا ئێستاش مەزندەکان بەوجۆرەن دۆناڵد ترامپ هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێنێت

*** چەند کاتێکی کەمی ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، بەپێی ڕاپرسییەکان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی هیلاری کلینتۆن دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو دەرئەنجامانە یەکلابوونەتەوە، ئایا ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- من بەم دواییەو بە ئاشکرا چەند جار ئەوەم دووپات کردۆتەوە کە پێموایە هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی هیلاری کلینتۆن یەکلادەبنەوە، ناجەماوەریبوونی دۆناڵد ترەمپ بۆتە هۆی ئەوەی چەندین ناوەند دەنگی پێنەدەن، ئەگەر ترەمپ کاندید نەبوایە ئەوا دەنگیان بە کاندیدی کۆمارییەکان دەدا، ئەمەش چانسی بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ-یان زۆر کەم کردۆتەوە. لەبەر ئەوە پێموایە هیلاری کلینتۆن بردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە تۆماردەکات، هەرچەندە من خۆشحاڵ نیم بەم دەرئەنجامە، بەڵام پێموایە ئەمە ڕوودەدات.

*** پێتوانییە ڕاگەیاندنی ئێف بی ئای بە دۆزینەوەی ئیمەیلی نوێ کە ئەگەری ئەوە هەیە پێوەندیدار بێت بە هیلاری کلینتۆن-ەوە هەڵایەکی گەورەی نایێتەوە کە ببێتە هۆی گۆڕینی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟**

**داعش دەرهاویشتەی کێشەکانە و ڕیشەی کێشەکان نییە، بەڵام بەلای زۆربەی ئەمەریکییەکانەوە مەترسیی داعش لەوەدایە کە تیرۆر ڕەوانەی وڵاتەکەیان بکات**

**ترەمپ هەندێ بیرۆکەی شێتانەی هەیەو باسی لە دەستبەسەرداگرتنی نەوت کرد، کە ئەمە بیرۆکەیەکی منداڵانەوە تا بڵێی گەمژانەیە. کەواتە ڕەنگە هیلاری تێگەیشتنێکی هۆشیارانەتری هەبێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**ئەورووپا ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە کاتێک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتگوێ دەخات، ئەوا کێشەکانی ئەم ناوچەیە یەخەی دەگرنەوە، کە من لەو باوەڕەدا نیم هێشتا ئێمە ئەم دەرسە فێربووبێتین**

- لە ڕاستیدا ئەم ڕاگەیاندنە دەبووە هۆی گۆڕینی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەگەر لە دۆخی جیاوازتردا بوونایە، مەبەستم ئەوەیە هەردوو کاندیدەکە پاڵپشتییەکی گەورەی جەماوەرییان نییە، بە چەشنێك لەسەدا ٦٠ی دەنگدەران دەڵێن کە بە ڕاستی حەز بە هیچ یەکێك لە دوو کاندیدەکە ناکەن، واتە دەنگدەران ئەوە ڕاستییەیان لا ڕوونە کە هیلاری هەڵسوکەوتێکی کردووە لەپێوەندی بە بەکارهێنانی ئیمەیلی جیاوازەوە کە ڕەنگە جێی گومان و بگرە نایاساییش بن. واتە ئەوان پێشتر لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە قەناعەتێکیان بۆ دروست بووە، لەبەر ئەوە باوەڕناکەم کە ڕاگەیاندنی ئەم دواییە پەیوەست بە ئیمەیلەکانەوە گۆڕانکاری لە قەناعەتی زۆر کەسدا دروست بکات.

*** لە ئێستادا باس لە ڕۆڵی ڕووسیا دەکرێت کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت دەستێوەردانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا کردبێت بە قازانجی دۆناڵد ترەمپ، ئایا تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییەو پێتانوایە ڕووسیا ئەوەندە بەهێز بێت، بتوانێت دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆیی ئەمەریکا بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، ئایا بەڵگەکانی ویکیلیکس ڕووسیای لەپشتە؟ ئێمە لەمە دڵنیانین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڵگانە ڕاستن و دروستکراو نین، واتە ئەگەر بهاتایە ئەو بەڵگانە هەڵبەستراو بوونایەو تەنیا بۆ ئەوەی وێنەی هیلاری کلینتۆنی پێ ناشیرین بکرایە، ئەوا مەسەلەیەکی جیاواز دەبوو. بەڵام بەکارهێنانی ئیمەیڵی جیاواز –لەلایەن کلینتۆنەوە- لەلایەن کۆنگرێسەوە ئاشکرا کرا، کاتێك دەستیان دایە لێکۆڵینەوە لە هێرشەکەی بەنغازی. لەبەر ئەوە پێموایە دەستێوەردانی ڕووسیا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ببات. کەواتە هەر یەکێك لەو کەسایەتییانەی کە دەیانویست ببنە کاندیدی کۆمارییەکان و شکستیان هێنا، دەرچوونایە ئەوا لە ئێستادا لەبەرامبەر هیلاریدا سەرکەوتوو دەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی دۆناڵد ترەمپ کێشەی زۆری هەیە وەك کاندیدێك، ئەوا هیلاری چانسی گەورەی سەرکەوتنی هەیە. دەبوو هیلاری زۆر پێش ئێستا لە دەرەوەی پێشبڕکێکە بوایە، بەڵام لەئێستادا سەرەڕای هەموو کەموکورییەکانی چانسی بردنەوەی هەیە. لەبەر ئەوە کاندیدێك کێبڕکێی دەکات کە زۆر کەس متمانەیان پێی نییە.

*** ئێوە باستان لەوە کرد کە ئەگەری بردنەوەی هیلاری کلینتۆن زیاترە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بردنەوەی هیلاری و بوونی بە یەکەم سەرۆکی ئافرەت لەمێژووی ئەمەریکادا هەڵگری چ ماناو گرنگییەکە بۆ گەلی ئەمەریکا؟**

- ئەو کاتە چیتر باسی ئەوە ناکەین کە هەرگیز سەرۆکێکی ئافرەتمان نەبووە، بەڵام هەروەك چۆن سەرۆکێکی ڕەشپێست جیاوازییەکی زۆری بۆ ڕەشپێستەکان دروست نەکرد، لەو باوەڕدام هەڵبژاردنی سەرۆکێکی ئافرەتیش گۆڕانکارییەکی زۆر بۆ ئافرەتان دروست ناکات. کەواتە ڕاستە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام نابێتەهۆی ئەوەی بەم زووانە ژیانی هیچ کەس بگۆڕێت.

*** لە ئێستادا وا هەست دەکرێت کە ئەمەریکا تا ڕادەیەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فەرامۆش کردووەو بایەخی زیاتری بە ئاسیا داوە، بەڵام ئاشکرایە کە ناکرێت پشت بکرێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە کێشەکانی ئەم ناوچەیە کاریگەرییان لەسەر بەشەکانی دیکەی جیهان هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا وەك پێویست گرنگی بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵتاندا، چونکە هەروەك ئەورووپا ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە کاتێك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتگوێ دەخات، ئەوا کێشەکانی ئەم ناوچەیە یەخەی دەگرنەوە، کە من لەو باوەڕەدا نیم هێشتا ئێمە ئەم دەرسە فێربووبێتین، بەڵام هەر دەبێت فێری بین. ئەمەریکا هەر هەڵەیەکی کردبێت لەماوەی دەیەی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مانای ئەوە نییە کە ئیدی بتوانین ئەم ناوچەیە پشتگوێ بخەین، یان وا بزانین ئەم ناوچەیە خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر دەکات. من پێموایە هیلاری کلینتۆن هەندێ بیرۆکەی هەیە دەربارەی گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام دڵنیا نیم لەوەی سیاسەتەکانی چی دەبن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. دۆناڵد ترەمپ هەندێ بیرۆکەی شێتانەی هەیەو باسی لە دەستبەسەرداگرتنی نەوت کرد، کە ئەمە بیرۆکەیەکی منداڵانەو تا بڵێی گەمژانەیە. کەواتە ڕەنگە هیلاری

تێگەیشتنێکی هۆشیارانەتری هەبێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئەویش باوەڕی بە سیاسەتی دەرەوەی ئۆباما هەیە کە بریتییە لەکشانەوە، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتووە کە ئەمە سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوە ئومێد دەکەم ئەم دەرسە فێربووبێت.

*** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین قەیران و تەنگژەوە دەناڵێنێت، لەئێستادا شەڕی داعش بۆتە یەکێك لە تەحەددییە گەورەکان، کە وەك دەبینین لە ئێستادا ئۆپەراسیۆنی رزگاکردنی موسڵ ئەنجام دەدرێت بۆ تێکشکاندنی خەلافەتەکەی داعش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرکەوتن لەم ئۆپەراسیۆنەدا تاچەند چانسی هیلاری کلینتۆن بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان زیاتر دەکات؟**

- پێموایە پرسی دیکە هەن کە گرنگترن و کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنەکان هەیە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی کتوپڕ داعش گوڕ و تین بدات بە خۆی و خاکی زیاتر داگیربکات و پێشڕەوی بکات، ئەوا رەنگە ئەمە زیانی بۆ هیلاری کلینتۆن هەبێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بە شێوەیەکی توند کاردانەوەی هەبێت لەبەرامبەریدا. . هەرچۆنێك بێت داعش دەرهاویشتەی کێشەکانە و ریشەی کێشەکان نییە، بەڵام بەلای زۆربەی ئەمەریکییەکانەوە مەترسیی داعش لەوەدایە کە تیرۆر رەوانەی وڵاتەکەیان بکات.

*** لەحاڵەتی دەرچوونی هیلاری کلینتۆندا پێشبینی ناکرێت کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا بێت، بە پێچەوانەی دۆناڵد ترەمپەوە، کە ئەگەر بێتو سەرکەوتوو بێت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەوا ئاڵوگۆڕی گەورە بەسەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو رووسیا و ناتۆش دێت، بیروبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- هەمیشە کێشەی دۆناڵد ترەمپ ئەوە بووە کە کەس نازانێت بە دڵنیاییەوە ئەو دەیەوێت چی بکات، رەنگە ئەمەش هۆکاری ئەوەبێت کە سەرکەوتوو نابێت لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە جارێك لێدوانێکی مشتومڕهەڵگر دەدات و دواتر بۆچوونی دەگۆڕێت و دیسان جارێکی دیکە دووپاتی دەکاتەوە. بەڵام دوو شت لە سیاسەتی دەرەوەیدا روونە، یەکێکیان ئەوەیە کە پێیوایە نابێت وەك رکابەر، یان دوژمن لە رووسیا بڕوانین، بەڵکو دەبێت وەك هاوپەیمانێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین، هەرچەندە پێموایە ئەمە کارێکی گەمژانەیە، بەڵام ئیدی ئەو ئەمە دەڵێت. خاڵی دووەمیان ئەوەیە کە دەڵێت پێویست ناکات ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕبکەین، بەڵام روونی ناکاتەوە کە لە بری ئەوە چی بکەین. لە رەخنەکانیدا لە ئیدارەی جۆرج بۆش باس لەوە دەکات کە پێویست نەبوو ئەو هەموو شەڕو کردەوە سەربازییە ئەنجام بدەن، واتە نەك لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی خراپ ئەنجام دران، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا هەڵەبوون،— لە تێڕوانینی ئەودا نەدەبوو هەرگیز ئەنجامی بدەن. کەواتە ئێمە نازانین سیاسەتی دەرەکی ترەمپ چی دەبێت، جگە لە خۆبەدوورگرتن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکبوونەوەی زیاتر لە رووسیا. هەروەها ئێمە دڵنیانین لەوەی هیلاری کلینتۆن چی دەکات، لەبەر ئەوە هەموو شتێك بەندە بە رەوتی رووداوەکانەوە، ئەگەر داعش دووبارە پێشڕەوی بکاتەوە، ئەوا ئەگەر هاتوو ئەو سەرۆك بوو، ئەوا دەبێت زۆر بە توندی کاردانەوەی هەبێت.


*** بەم دواییە دۆناڵد ترەمپ رەتی کردەوە هەر لەئێستاوە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکات و لە بۆنەیەکی دیکەشدا رایگەیاند کە بەڵێن دەدات بەوەی دان بە دەرئەنجامەکاندا بنێ، ئەگەر هاتوو خۆی براوە بوو، کەواتە ئایا لە حاڵەتی دۆڕانیدا چاوەڕێ ناکرێت شەڕێکی یاسایی دووروورێژ بەرپا بکات؟**

- نەخێر، هیچ زەمینەیەك بۆ شەڕی یاسایی لەئارادا نابێت، چونکە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لێك نزیك نابن و بە چەشنی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠ نابن، کە پەیوەست بوو بە کێشەی دوو بۆ سێ سەد دەنگێك لە فلۆریدا، کە دەکرێت لە حاڵەتێکی لەم شێوەیەدا پەنا بۆ دادگا ببەیت، بەڵام من پێموایە بە رادەیەکی گەورە دەدۆڕێت کە بواری ئەوە نامێنێتەوە بانگەشەی ئەوە بکات کە ساختەکاری تێدا کراوە. کەواتە رەنگە هەندێ خۆپیشاندان بکرێت لەلایەن هەندێ لە پشتیوانەکانیەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە دڵگران دەبن بە دەرئەنجامەکان، باوەڕم وانییە پەنا بۆ توندوتیژی ببەن، کەواتە لەبنەڕەتدا ئەوەی پێشبینی دەکرێت رووبدات ئەوەیە کە هیچ روونەدات.

**چۆن سەرۆکێکی رەشپێست جیاوازییەکی زۆری بۆ رەشپێستەکان دروست نەکرد، لەو باوەڕدام هەڵبژاردنی سەرۆکێکی ئافرەتیش گۆڕانکارییەکی زۆر بۆ ئافرەتان دروست ناکات**

**ناجەماوەریبوونی دۆناڵد ترەمپ بۆتە هۆی ئەوەی چەندین ناوەند دەنگی پێنەدەن، ئەگەر ترەمپ کاندید نەبوایە ئەوا دەنگیان بە کاندیدی کۆماریەکان دەدا**

# بزووتنەوەی گۆڕان خۆی رووت کردەوە



کەریم قادر

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کاتێك لەگەڵ برادەرانم یەکودوو دەبینین، دوای ئەحواڵ پرسین ئەو پرسیارەم لەکن ئاشنا بووە، کە: چی هەیە؟ بەڵام ئەمجارە برادەرێك بەو پرسیارە وەستاندمی، کە گوتی: چی ناخۆش هەیە؟ منیش بڕیارمدا ئەو چی ناخۆشەی بۆ باس بکەم، کە چۆن گۆڕان لە کۆنفڕانسی لەندەن خۆی رووتکردەوەو بەم کارەشی ئەندام و لایەنگران و تەواوی کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی شۆك کرد، کە بۆ دەبێت بەرامبەر ئارامی و ئاسوودەیی کوردستان هێندە قین لەدڵ و رقئەستوور بێت.

**(١)**

بەهەر هۆکارێك بێت، لەساتەوەختێکی دیاریکراودا هەبوون ئومێدیان بە بزووتنەوەی گۆڕان بوو، ئەگەر دەسەڵات بگرێتەدەست «ژیانێکی باشتر» لەوەی ئێستایان بۆ فەراهەم دەکات. لە بەرامبەر ئەوەشدا هەبوون دەیانگوت: نابێ ئومێد لەسەر دروشمەکانی گۆڕان هەڵچنن، چونکە دواجار گۆڕانیش لەهەناوی کێشەو ململانێکانی کوردستان دروست بووەو بەشێکە لەهەڵەو کەموکوڕییەکان، با خۆیشی لێ بێبەری بکات. هەشبوون گرەویان لەسەر نەفەسکورتی و بێ بێنی گۆڕان دەکرد، کە لەدرێژەو مەودای ئەو ململانێیەدا دەمامکە ساختەکە فڕێ دەدات و خۆی رووت دەکاتەوە، کە ئەو فریادڕەسە نییە و ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ. کاتێك لە رێگەی گەمەکردن بە کەموکوڕییەکان و وەبەرهێنانی هەڵەکان بە قازانجی خۆی، دەرفەتی بۆ رەخسا ببێتە بەشێك لە هەردوو دەزگای یاسادانان و جێبەجێکردندا، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی دروشمی بێ بەرنامە بوو، بە دروستکردنی کێشە کەوتە بادانەوەو پەلاماردانەوە. نەخاسمە کاتێك بەشێك لە دەنگدەران لێیان بادایەوەو نووسەرەکانیشی، ئەوانەی بەفریادڕەسیان دەزانی، لێی کەوتنە تەقە. لە ئەنجامدا میدیای گۆڕان، هەر چەندەکی میدیایەکی «پڕ هاوار» بێت، تازە دوای کەوتنی دەمامکە ساختەکە ناتوانێ شەقام بورووژێنێ و بەکاری بهێنێ. هەر ئەم بە قەناعەت گەیشتنەش

بوو، وای لەگۆڕان کرد لەکۆنفرانسی لەندەن بەتەواوی خۆی رووت بکاتەوە، چونکە ئومێد نەما میدیا پڕهاوارەکە «پیاوە نەخۆشەکە» جوان بکاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە گەرمەی کێشەکانی نیشتمان بە پاساوی چارەسەری تەندروستی خۆی لە بەرپرسیارێتی دزییەوە.

**(٢)**

سووکایەتیکردن بە رۆڵی پێشمەرگە، کە رۆژانە لەپێناو دیاریکردن و پاراستنی سنووری کوردستان قوربانی دەدات، بەمانای ئیفلاسبوونی سیاسیی گۆڕان دێت، چونکە پێشمەرگە نەك بەتەنێ جێگەی رێزی گەلی کوردستانە، بەڵکو بە قارەمانێتییەکانی بەرامبەر رێکخراوێکی توندڕۆی گۆی زەوی بووەتە هێزێکی کاراو ناسراوی جیهانیش، با «پێشمەرگە، پێشمەرگەی حزبیش» بێت، بەڵام بەتەنێ پارێزگاری لە ئەندام و کادیرانی حزبێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو بێ جیاوازی هەمووان دەپارێزێ. دیسان هەرەشە ئاشکراکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە دەسەڵاتێك، کە بەدەنگی گەل هاتووە، کاتێك دەڵێ: «ئەم دەسەڵاتە ئیللا بە بی کەی سی و ئاڕ پێ جێ دەڕوات»، یا داواکردنی دامەزراندنی دەزگای تیرۆرکردن، کە دەڵێ: «کاکە گیان دە کەسی وەك من بنێرەوە، بەخوا کێت ئەوێ بۆتی دەکوژم»، پێشوازیکردنێکی گەرم لەم داواکارییە، یا لە دواداهێنانەدا رۆژنامەنووس و نووسەرە تەلقین دراوەکانی داواکردنی ئەنجامدانی «کودەتایە». ئایا جگە لە ئیفلاسبوون هیچ مانایەکی دیکەی هەیە؟ بۆیە بەو برادەرم دەڵێم، دەبێ لەوە ناخۆشتر چی بێت، کە تێکدەری ئاسایش و ئاسوودەیی خەڵکی، خۆی وەك قوربانی نمایش بکات؟! بە مانایەکی دیکە قووڵایی قەیرانی بزووتنەوەی گۆڕان لەو جێگۆڕکێکردنە بەبەرنامەدایە، کە بە رێنوێنی و سەرپەرشتی خودی رێکخەرەوە لە میدیاکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

**(٣)**

خودی رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لەناخەوە هەست بە تێکشکان دەکات، چونکە ئەوەی بۆ درێژەدان بە تێکشانی کەسایەتی کورد لەدەستی هات، کردی. تەنانەت لەپێناو جوانکردنی پیاوە نەخۆشەکە، راگەیاندکارو نووسەران و پەرلەمانتارانی کردووە بە گوتەبێژی خەڵکی و لەبری ئەوان دەدوێن و قسەدەکەن، ئەوەتە بە زمانی گەنجی کوردستان دەڵێن: «هەزار خۆزگەم بە زەمانی سەدام» ئەمە بیرکردنەوەو قسەی ئەو گەنجەی (نەوەی راپەڕین) نییە، چونکە نە سەدام دەناسێ، نە ئاگاشی لە تاوانەکانیەتی، بەڵکو قسەی ئەو سیاسەتمەدارە تێکشکاوانەیە، کە سەرباری سوودمەندبوونیان لەو ئازادی و سەقامگیرییەی لەکوردستان هەیە، بەڵام هەر خۆیان بە بچووك و کەم دەزانن بەرامبەر دوژمن. بۆیە داوا لە بوق لێدەرانیان دەکەن هێرشی ناڕەوا بکەنە سەر سەرکردە خەباتگێڕەکانی کورد، کە هەموو هەوڵیان تەفروتوناکردنی ئەو دیوارە دەروونییە بووە، کە دوژمنان لەبەردەم ویستی گەلی کوردستان هەڵیانچنیوە، واتە هەوڵ و خەباتیان گەیاندنی کوردستانە بەو ئاست و پێگەیەی کە پێویستە پێی بگات.

**(٤)**

داننانی دەسەڵات بەهەڵەو کەموکورییەکانی بەو مانایە دێت، کە ئەو دەسەڵاتە بەجددی کار بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی دەکات، نەك بە مانای ئیفلاسی سیاسی، وەك ئەوەی بوق لێدەرانی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو توخمێکی گرینگی بەردەوامبوون و زیاتر بەرەو پێشبردنە. بە کورتی و بە پوختی دوای ئەوەی ئەو تێکشکاوانە بینییان کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی زیندووەو چاوی لەئایندە بڕیوەو دوای دروشمە ناکارەکانیان ناکەون. بۆیە رێکخەرەکەیان لەدواقۆناغی تەمەنیدا بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە لەجەماوەر داوای بڵاوکردنەوەی تیرۆرو کودەتا و بێ رووتکردنی ئەو ئازادییە دەکات، کە بەخوێن وەدەستهاتووە. هەر لەم سۆنگەیەو سەردەرنەکردن لەبەرنامەی دیزاینکردنەوەی ناوچەکەو خۆ بەکەمزانی و لەناخەوە تێکشکانی بەرامبەر بێگانەوە، بەلایەوە نەنگییە هێزێکی کوردستان ببێتە ژمارەیەکی قورسی هاوکێشەکان، نەك ئەوەی بوق لێدەرانی پێی دەڵێن: «پاڵدانەوە لە ئامێزی هێزە ئیقلیمییەکان»!



سەفا ئەلیاد

بەرپرسی هێزی دەشتی نەینەوا سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لەمیحوەری تلسقوف:

# ئومێدمان زۆرە ناوچە کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا ببێتە پارێزگای شەشەمی هەرێمی کوردستان

**دوای ئەوەی رووبەرێکی فراوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەشتی نەینەوا لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە ئازادکران، ئێستا چەند فەوجێك لەپێکهاتەکانی کریستیان و ئێزیدی و شەبەك و کاکەیی لەناو هێزی دەشتی نەینەوا بەهاوکاری هێزی پێشمەرگە ئارامی و سەقامگیری بۆ ئەم ناوچە کوردستانییانە دابین دەکەن. لەدیدارێکدا لەگەڵ سەفا ئەلیاد بەرپرسی هێزی دەشتی نەینەوا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو لێردەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** هێزی پێشمەرگە تەواوی ناوچەکانی دەشتی نەینەوای ئازادکردۆتەوە، ئایا بۆ ئێوەی کریستیان تاچەند ئازادکردنی ئەم ناوچانە گرنگ بوو؟**

- لەسەر فەرمانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤ هێزی دەشتی نەینەوا بەشێوەی فەوج دامەزراو سەرجەم پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوای لەخۆگرتووە. لەو کاتەوە هێزی دەشتی نەینەوا لەو ناوچانە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی بەتایبەتی هێزی فەرماندەیی سپیلك جێگیر کراو توانرا رووبەڕووی ٨ هێرشی داعش ببینەوە، بەتایبەتی هێرشی بەربڵاوی ئەم دواییەی داعشەکان بۆ سەر تلسقوف لە ئایاری ئەمساڵ کە بە ئازایەتی و پاڵەوانێتی هێزەکانی پێشمەرگە توانرا داعش تیکبشکێندرێت و دوورخستنەوەی تیرۆرستان لەتەواوی دەوروبەری تلسقوف. ئەمڕۆش هێزەکانی دەشتی نەینەوا

لەگەڵ هێزو فەرماندەییەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی لە پێشڕەویدان بۆ ئازادکردنی تەواوی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا، بەتایبەتی ناوچەکانی سلماقیە و دێرمارۆهە و باتنایەو کانی شیرین و قیر ئیسحاق و حەسەن جەلادو دەیان گوندی کریستیاننشینی دیکە. سوپاس بۆ خوا کە توانیمان بە فەرمانده‌یی جەنابی سەرۆك بارزانی و هێزەکانی پێشمەرگە خاچ لەسەر کەنیسەکانی دێر مار ئۆرەهاو باتنایە بەرز بکەینەوە، دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش دێرەکەیان وێران کردبوو، چەندین بۆمب و تەقەمەنیان تێدا چاندبوو. بڕیاریشە هەموو ناوچەی دەشتی نەینەوا ئازادبکرێت.

*** تا چەند گرنگە دوای ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانە کریستیانەکان گەرەنتی سەلامەتییان بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان؟**

- بۆ ئێمەی کریستیانەکان هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بەتایبەتی لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس کوردستان بووەتە ئەو پێگەیەکی کە کریستیانەکان پەنای بۆ دەبەن دوای ئەوەی لەناوچەکانیان لەدژی زوڵم و ستەم و رفاندن و کوشتن و تەقاندنەوەی ناوچە پیرۆزەکانیان ئاوارەبوون. ئێستاکەش دوای ئەوەی بەخوێنی شەهیدەکان توانرا ناوچەیەکی فراوانی کریستیاننشینەکان ئازاد بکرێت، رۆڵی ئێمە دێت لە پاراستن و کۆنترۆڵکردنەوەی نیشتمانەکەمان، بەو ئومێدەی رۆژێك لە رۆژان ئەم ناوچانەش بخرێنەوە سەر ئەو هەرێمی کوردستان کە نموونەیەکی جوان و گەشەنگە لەعێراق و ناوچەکەدا بۆ رێزگرتن و پاراستنی سەروماڵی کریستیانەکان، هێزی دەشتی نەینەوا لەچوارچێوەی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە پاڵپشتییەکی باش دەکرێت، بەو پێیەی ئەم هێزانە بە پێشمەرگەی کوردستان دادەنرێن و سەربازو فەرماندەکانی کوردستانیین.

*** ئایا دوای رزگارکردنەوەی ئەم ناوچانە، تاچەند دەتوانن پارێزگاری لە سەقامگیری و ئارامی ئەم دەڤەرە بکەن؟**

- ئازادکردنی ناحیەکانی تلسقوف و قەرەقۆش و حەمدانییە و بەرتلّەو باتنایەو دەیان گوندی تری کریستیان بەخوێنی پێشمەرگە، بۆ ئێمە جێگای دڵخۆشییە، بەڵام داعشەکان ئەم ناوچانەیان وێران کردووە، هەربۆیە چاومان لە رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرە لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچانەو گەڕانەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوەو کارەباو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و بیناکردنەوەی خانووە رووخاوەکانیان. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش لەم دۆخە سەخت و ئاڵۆزە داراییە و ئابوورییەدا کارێکی ئاسان نییەو کاتی دەوێت، بەتایبەتی کە حکومەتی عێراقی نەك هەر ئێستا بەڵکو بە درێژایی مێژووی خۆی ئەم ناوچەیەی پەراوێز خستووە. من لێرەدا ناتوانم بەناوی هەموو کریستیانەکانەوە قسە بکەم، بەڵام ئێمە وەکو پێکهاتەی کریستیان لەوە باش تێدەگەین کە دۆسێی موسڵ زۆر ئاڵۆزو هەستیارەو لەهەمووشی مەترسیدارتر چاندنی تۆی دووبەرەکی و تائیفی و توندڕەوییە لەناو ئەو خەڵکەی دوو ساڵ زیاترە لەژێر دەستی داعشدایە، تەنانەت لەناوچەی دەشتی نەینەواش ماڵ و موڵکی کریستیانەکان وێران بووەو ژێرخانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش تێکدراوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ئومێدمان زۆرە بەشێکی زۆری ئەم کێشانە چارەسەر بکرێت لەرێگەی گفتوگۆو دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، تەواوی ناوچەی دەشتی نەینەواش بگەڕێندرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئومێدمان زۆرە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ بەغدا بکەونە گفتوگۆیەکی جددیی و چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کریستیانەکان بدۆزنەوە، ئەمەش تەنیا بەدامەزراندنی پارێزگای شەشەمی هەرێمی کوردستان بەناوی پارێزگای دەشتی نەینەوا دەکرێ.

*** ئێوە وەك هێزی دەشتی نەینەوا هەموو کریستیانەکانتان لەخۆتان گرتووە، یان لەدەرەوەی ئێوەش چەکداری دیکە هەن؟**

- لەهەردوو میحوەری تلسقوف و خازر جگە لەهێزی دەشتی نەینەوا هیچ هێزێکی تری کریستیان بوونی نییە، واتە هیچ هێزێکی دیکەی کریستیان جگە لەپێشمەرگەکانی هێزی دەشتی نەینەوا بەشداری شەڕیان نەکردووە. هێزی دەشتی نەینەوا ئەرکی پاراستنی ئەم رووبەرە فراوانەی لەئەستۆیەو لەناو هێزی پێشمەرگەدایە کە هێزێکی نیزامی و پرۆڤیشناڵەو لەسەربازگەکانی پێشمەرگەو راوێژکارە سەربازییەکانی ئەمەریکا توانای تەکتیکی و مەیدانیمان بەرزکراوەتەوەو مەشقمان لەسەر پووچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنی و شەڕی کۆڵان بە کۆڵان پێ دەکرێت و لەئازادکردنی سەرجەم ناوچەکانی دەشتی نەینەوا هاوکاری و یارمەتی پێشمەرگەمان داوە.

**رۆڵی جەنابی بارزانی بەرزدەنرخێنین لە بەڕێوەبردنی هێزی پێشمەرگەو دانانی پلانی سەربازی و پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە لەئازادکردنی تەواوی خاکی کوردستان بەتایبەتی دەشتی نەینەوا کە توانرا رووبەڕووی مەترسیدارترین دوژمنەکان ببینەوە**

**کوردستان تەنیا دەوڵەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە توانیوێتی سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکان لەخۆ بگرێت**

**هێزی دەشتی نەینەوا لەچوارچێوەی هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە پاڵپشتییەکی باش دەکرێت، بەو پێیەی ئەم هێزانە بە پێشمەرگەی کوردستان دادەنرێن و سەربازو فەرماندەکانی کوردستانیین**



# کریستیانەکان بەگرنگییەوە دەڕواننە ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لەئازادکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەشتی نەینەوا

کریستیانەکان بەگرنگییەوە دەڕواننە ئازادکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەشتی نەینەوا لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، ئەمەش وەك ڕێزلێنان بۆ پێکهاتەیەکی گرنگی کوردستان سەیردەکەن کە کریستیانە و هەموو هەوڵێکیش بۆ ئەوەیە کریستیان و هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان وەك یەك بپارێزن، ئەمەش بەپێچەوانەی عێراقەوە کە جگە لەوەی پێکەوەژیانی تێدا نەماوە، بووەتە زۆنگاوێك بۆ بڵاوبوونەوەی فکری توندڕەویی و دەمارگیری تائیفی. بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو دەڤەرە تیمی گۆڤاری گوڵان لەسەردانێکیدا بۆ پارێزگای دهۆك هەریەك لە قەشە عیماد خۆشابا و قەشە سامی یوحەننا-ی دواندو ئەوان پێیانوابوو ئەو دڵنەوایی و متمانەیەی کریستیانەکان لەکوردستان هەیانە بۆ دەستپێشخەری بارزانی و خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە کە دەرئەنجام بووە هۆی ئەوەی پاڵپشتی و پاراستنی هەزاران خێزانی کریستیان بکەن و ئێستاکەش بەئومێدەوە دەڕواننە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

### کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەهەرێمی کوردستاندا

سەرەتا قەشە عیماد خۆشابا لە کەنیسەی کلدانی باسی لەو مەینەتی و دەرکردنە کرد کە پێکهاتەکەیان لەعێراقدا رووبەڕووی بوونەتەوەو لەمبارەیەوە وتی: «جێگای داخە ئەو مەینەتی و بارگرژییەی کە بەسەر پێکهاتەی کریستیان لەعێراق هاتووە، زیاتر لەفکری توندوتیژی وڵاتانی ناوچەکەوە هاتووەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی کردووە، واتا فکری توندوتیژی ئایینی و تائیفی و دەمارگیری قەومی لەناو کۆمەڵگەی عێراقدا ژینگەیەکی لەباری بۆخۆی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی گەشەبکات و دەرئەنجام گروپێکی تیرۆریستی وەکو داعشی لێ بەرهەم هاتووەو پێشتریش بەناوی جۆراوجۆرەوە دەیان گروپی تیرۆریستی دیکەی لێ دروست بووە، بەڵام خۆشبەختانە لەهەرێمی کوردستاندا بەو شێوە بەربڵاوە ئەمجۆرە فیکرە دەمارگیری و توندوتیژییانە بوونی نییەو سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتی و هانی پێکەوەژیان و رێزگرتنی نێوان هەموو پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزا دەکەن و بەپێی پێویست ژینگەیەکی لەباریان بۆ خوڵقاندووە، هەر ئەمەش بوو وایکرد هەرێمی کوردستان ئامێزبکاتەوە بۆ هەزاران خێزانی کریستیان و ئێزیدی و کاکەیی و تەنانەت عەرەبی سوننەو شیعەو کوردی رۆژئاواو موسڵمانانی ئەو ناوچانەی لەدەستی داعش هەڵهاتبوون، بەمەش رێزو ناوبانگی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرزترو شکۆمەندتر بوو.


سەبارەت بە بارودۆخی کریستیانەکانی دەڤەری دەشتی نەینەوا قەشە عیماد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «بەشێوەیەکی گشتی کەنیسەو کریستیانەکان لە بارودۆخی پێکهاتەکەیان لەعێراق و موسڵ و دەشتی نەینەوا رازی نین و لەسەر زۆر ئاست بێ ئومێدییان پێوە دیارە.» وتیشی: «پێویستە لەسەر چەند ئاستێك و لایەنێك کاربکەین بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پێکهاتەی رەسەنی عێراق بکەین و لەمەشدا بگەڕێینەوە بۆ دەستوور کە تێیدا مافی هەموو تاکێك و نەتەوەو گەلێکی تێدا پارێزراوە، بەپێچەوانەی واقیعەوە کە تادێت دۆخەکە ئاڵۆزتر و خراپتر دەبێت، بەتایبەتی چاندنی تۆی دووبەرەکی و فیتنەو تۆڵەسەندنەوەو توندوتیژی کە بەهێزی سەربازی و ئاسمانی بنبڕناکرێت بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی رۆشنبیری و فیکری کار لەسەر پێگەیاندنی نەوەی نوێ بکەین، داعش لەدایکبوونی یەك دوو رۆژ نییە، بەڵکو لەبێ ئاگایی و فەرامۆشکردنی چاندن و پەرەپێدانی کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی دروست بوو، دەرئەنجامەکەشی کوردو کریستیان و تەنانەت نەتەوەی عەرەبی سوننەو شیعە دووچاری کوشتن و دەرکردن و ماڵوێرانکردن کردووە، هەتا ئەو فکرو بیروبۆچوونەی توندوتیژییە نەگۆڕێت، دۆخەکە هەر بەئاڵۆزی و هەستیارییەوە دەمێنێتەوە.»

سەبارەت بە گرنگیی ئازادکردنی ناوچەکانیان و رێزگرتن لەکریستیانەکان وەکو پێکهاتەیەکی رەسەن و سەرەکیی کوردستان قەشە عیماد خۆشابا وتی: «بارزانی جێگای ئومێدی ئێمەو هەموو ئەو پێکهاتە رەسەنانەیە کە دەیانەوێت لە ژینگەو دۆخێکی سەقامگیرو ئارامدا بژین، فکری بارزانی-یە وایکردووە کورد رێز لە پێکەوەژیان و لێبوردەیی بگرێت، بەڕێز مسعود بارزانی هەوڵی ئەوە دەدات لەناو ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا کە بەدۆخێکی زۆر نائارام و هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، جیاوازی لەنێوان پێکهاتەکان نەکرێت، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهاوشێوەی حکومەتی ناوەندی دۆخەکە فەرامۆش بکات، ئەوە هەر زوو فیکری توندوتیژی و دەمارگیری بۆ هەرێمی کوردستانیش دەگوازرێتەوە، چونکە لەسایەی هەندێ حزبی ئایینی و بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر وایکردووە لەهەندێك بواری رێزگرتن لەپێکهاتەکان پاشاکشە بکات.»

### پێشمەرگە بووەتە سیمبولی پارێزگاریکردن لە فرەنەتەوەیی و فرەئایینی لەکوردستاندا

کریستیانەکان زۆر هەوڵیاندا لەناوچەیەکی سنووردراردا نەژین، بەڵکو لەهەموو عێراقدا وەکو پێکهاتەیەکی رەسەنی ئەم وڵاتە بژین، دۆخەکە وادەرنەچوو، لەزۆربەی شوێنەکانی عێراق لەخوارو ناوەڕاست و پارێزگای نەینەواش کۆچکردنی کریستیانەکان بووەتە دیاردەو لە

یەك ملیۆن كریستیان تەنیا ٢٥٠ هەزار كەس ماونەتەوە، هەربۆیە ئەوانیش بیر لەوە دەكەنەوە كە چۆن بتوانن پارێزگاری لەپێكهاتەكەیان بكەن. لەمبارەیەوە قەشە سامی یوحەننا رایوایە: «ناكرێت لەعێراق هاووڵاتی پلە یەك و دوو هەبێت، پێویستە هەمووان رێز لەیەكتر بگرن و دادپەروەریی لەنێوان هەموو پێكهاتەكانی عێراقدا هەبێت، لەعێراق نەتوانرا پارێزگاری لەئارامی و مافی هەموو هاووڵاتی و ئایینزاكان بگیرێت، من ئومێدم وابوو كە بتوانین بەهەماهەنگی و هاوكاریی یەكتر مافی هاووڵاتیان بپارێزین، هەروەكو چۆن لەهەرێمی كوردستان ئێستاكە پێشمەرگە بووەتە سیمبول و لەهەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزایەك پێكهاتووە، ئێمە سوپاسی هەڵوێستی خەڵك و حكومەت دەكەین، بەتایبەتی لەهەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر كە توانیان تەواوی دەروازەكان بكەنەوەو پێشوازی لەنزیكەی ١٠٠ هەزار ئاوارەی كریستیان بكەن و وەكو هاووڵاتیەكی كوردستانی مامەڵەیان لەگەڵ كردوون، لەكاتێكدا لەم قەیرانە ئابوورییەدا ١ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئاوارەو پەناهەندەی دیكە روویان لەكوردستان كردبوو، كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و فاتیكان و خودی پاپای فاتیكانیش بەچاوی رێزەوە دەڕواننە ئەو هەڵوێستە مرۆییانەی خەڵكی كوردستان و سەرۆك بارزانی، پاپای فاتیكان بەبەردەوام نەك هەر لەكریستیانەكان، بەڵكو لەهەموو كەمە نەتەوەكان و ئەو نەتەوانەی زوڵمیان لێكراوەو رووبەڕووی كۆمەڵكوژی بوونەتەوە، بەرگرییان لێدەكات، ئێمە نزاو دوعا دەكەین بۆ ئەوەی عەقڵییەتی سیاسەتمەدارو پیاوانی ئایینی لەعێراقدا بگۆڕێت و حكومەتی ناوەندی نییەتی پاكی هەبێت و كار لەسەر گەشەكردنی كەلتووری پێكەوەژیان و لێبووردەیی بكات، چونكە بەردەوامبوونی دۆخی سڕینەوەی یەكترو دژایەتیكردنی نەتەوەو تائیفەكان تەنیا داعشی لێ بەرهەم دێت و هاووڵاتیان زیاتر ماڵوێران دەبن.



قەشە عیماد خۆشابا بۆ گوڵان:

**بارزانی ئومێدی ئێمەو هەموو ئەو پێكهاتانەیە كە دەیانەوێت بە تەبایی و برایەتی پێكەوە بژین**



قەشە سامی یوحەننا بۆ گوڵان:

**هەڵوێستی مرۆڤدۆستیی كوردستان و بارزانی بۆتە جێگەی سەرسامیی فاتیكان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**



# پڕۆتۆکۆل و تێگەیشتنی دیپلۆماتکاران



مەیادە محەمەد نەجار*

بۆ گولان نووسیویەتی

پڕۆتۆکۆل لەڕووی مەعریفەی زانستییەوە بریتییە لەڕێچکەیەك کە بەهۆیەوە ڕەزامەندیی دیپلۆماتکاران داخوازییەکانیان پێشکەش دەکەن، واتا پڕۆتۆکۆل هەنگاوی بەیەکگەیشتنی دیپلۆماتکاران و شارەزایانە، بۆ نموونە چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرۆکی وڵات و دیپلۆماتکاران بەگوێرەی پلەوپایەکانیان، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پڕۆتۆکۆل ئەو کارو ئەتەکێتانەیە کە دیپلۆماتکاران جێبەجێی دەکەن.

وشەی پڕۆتۆکۆل لە وشەی پڕۆتۆکۆلان-ی ئەگریکییەوە هاتووەو واتای لەزگە دەگەیەنێت کە وەك مۆرێك لەسەر بەرگی نامەیەك دەدرێت، تا بزانرێت ئەم نامەیە نەکراوەتەوە. لەبنچینەدا وشەکە زۆر سادەو ساکار بووە کە نیشاندانی هەڵسوکەوتێکی جوان و گەیاندنی پەیامێکە بێ ئەوەی بگوترێت کە نامەکە نەکراوەتەوە، وەك ڕێزگرتنێك بەرامبەر نامەبەرەکە. دواتر ئەم وشەیە پەرەی سەندو بۆ بواری فراوانتر بەکارهات. کاروباری دەرەوەی وڵاتانی جیهانیش لەسەر ئەنجامدانی پڕۆتۆکۆل راوەستاوە.

بەر لەهەموو شتێك پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چەمکی پڕۆتۆکۆل دەکەین لەزانستە ڕامیارییەکاندا پێناسەی پڕۆتۆکۆل کراوە کە بریتییە لە ئەتەکێتی تایبەت بەیاساو کاری دیپلۆماسی لەکاروباری دەرەوە، لەلایەکی دیکەوە هەندێك لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە پڕۆتۆکۆل بنەمایەکە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەو نوێنەرانەی کە لەبواری دیپلۆماسی بەهەموو جۆرەکانیەوە کاردەکەن. پڕۆتۆکۆل کە باس لەچۆنیەتی هەڵسوکەوتی دیپلۆماتکاران دەکات، بە شێوەی نووسراو دیاری دەکرێت لەگەڵ هەندێ لە کارامەیی کە نانووسرێتەوە. لەڕووی دیپلۆماسییەوە پڕۆتۆکۆل بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێچکەو یاسای ڕەوشتی تایبەت بە ئەتەکێت لەکاتی ڕێککەوتنەکان و ئاهەنگە دیپلۆماسییەکان نمایش دەکرێت بۆ نزیکبوونەوەی زیاتری دوو وڵات بەکاردێت، ئەم ڕێچکانە بەگوێرەی کەلتوور و یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکرێن.

پڕۆتۆکۆل لەڕووی یاساییەوە کۆمەڵێك بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە. ئەگەر تەماشای فەرهەنگی یاساناسان بکەین، ئەوان بەشێوازێکی تر لەم چەمکە دەڕوانن و ڕاوسەرنجی خۆیان هەبووە. ئەوەتا لەڕووی یاساییەوە پڕۆتۆکۆل ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە بۆ بەجێگەیاندن و تەواوکردنی ڕێککەوتنەکان، یان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنە سیاسی و ئابوورییەکان لەڕووی لۆژیکی یاساییەوە، کە خۆی لەڕێچکەی ڕەوشتی ئاخاوتن و هەڵسوکەوت دەبینێتەوە. واتا ئەو ڕێککەوتنە سیاسییانەی کە لەنێوان دوو وڵاتدا لەئەنجامی دانوستان دێتەئاراوە،



دەبێتە پرۆتۆکۆلێکی هاوبەش، بەرچاوکردنی خاڵە یاساییەکانی ڕێککەوتنەکان گرنگییەکانی پرۆتۆکۆل وەکو لەپێشەوە باسمان کرد، لەژیانی سیاسی هەموو وڵاتەکاندا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەجۆرێك هەموو وڵاتان گرنگییەکی زۆر بەبەشی پرۆتۆکۆل دەدەن، کە لایەنی جێبەجێکاری وەزارەتی دەرەوەیەو ئەم وەزارەتەش بەهۆی گرنگیی بوارەکە بەشێکی تایبەتی لە وەزارەتەکەی بۆ کردۆتەوە. هەرچەندە کەلتووری وڵاتان جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ لەیەك نزیك خستنەوەی بوارەکە بەیاسا کراوەو وڵاتان پەیڕەوی دەکەن. واتا دەتوانین بڵێین کاروباری دەرەوەی وڵاتانی جیهان لەسەر ئەنجامدانی پرۆتۆکۆل راوەستاوە جا ئەو پرۆتۆکۆڵە سیاسی بێت یان ئابووری بێت، یان هەر بوارێکی تری تایبەت کەلەنێوان دوو وولاتی جیهان ئەنجام بدرێت پرۆتۆکۆل کۆمەڵێك گرنگیی لەسەر وڵاتانی جیهان هەیە، چەندین کاری گرنگیش هەیە کە دەبێت لەچوارچێوەی پرۆتۆکۆلدا ئەنجام بدرێت، وەك پێشوازیکردنی نوێنەرو کەسایەتییە باڵاکان و ڕێکخستن و ئامادەکردنی پەیڕەوی سەردان و نوێنەرایەتییە فەرمییەکان لەئاستی باڵا، پێش ئەنجام دانیان، چونکە ناکرێت لەم قۆناغەدا جۆرەکانی پرۆتۆکۆل لەیاد بکرێت، هەروەها یەکێکی لەگرنگییەکانی دیکەی پرۆتۆکۆڵ لەوەدایە کە فەرمانبەرانی تەشریفات، یان فرۆکەخانە، یان وەزارەتی دەرەوە، یان پەرلەمان کە لەکاتی پێشوازی بالوێزەکان و بەرچاویکردنیان بۆ شوێنی کارەکانیان ئەنجامی دەدەن. لەروویەکی دیکەوە زۆرجار پرۆتۆکۆل بەوە دەوترێت کە کەسێکی دیپلۆماتکار سەرپەرشتیی ئاهەنگە فەرمییەکان دەکات کە دیپلۆماتکاران و نوێنەران تیایدا بەشدارن، ئەمەش جۆرێکی پرۆتۆکۆلە، هەروەها دەرکردنی گەشتنامەی دیپلۆماسی و تایبەت و ڕێکخستنی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان کە وڵاتی خاوەن میوان پێی هەڵدەستیت، ئەمانە هەمووی دەچنە چوارچێوەی کاری پرۆتۆکۆلەوە. بەشێکی دیکەی پرۆتۆکۆل بریتییە لەئامادەکردنی ڕیزبەندی ناوی دیپلۆماتکاران و فەرمانبەران لە باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەکان و لێسەندنەوەی گەشتنامەی دیپلۆماسی و تایبەتەکان، پێدانی ناسنامەی تایبەت و دیپلۆماسی بە نوێنەران و باڵوێزان و فەرمانبەرانی باڵوێزخانەکان، نووسینی پەڕاوی پشتگیری باڵوێزەکان و هەڵسووڕاوانی دیپلۆماسیی ڕەسەن، پاڵپشتیی نووسراوی باڵیۆزان و وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی وڵاتی خاوەن میوان، وەرگرتنی پاکانەی کونسوڵخانەکان بۆ کونسوڵخانەکانی دیکەی وڵاتان لە وڵاتەکەیان.

---

* **ماجستێر لە کارگێڕی کار**